# پرۆژەی ڕیفۆرمی فێرکاریی کوردستان

نووسینی: هۆمەر قەرەداغی
بەڕێوەبەری ئامادەیی ئۆڤا
سوید ـ ستۆکهۆڵم

## پێشخان و مەبەست

ئەمڕۆ کوردستان لەبەردەم نووسینەوەی دەستووردایە. لە دەستوورێکی دیموکرات و مرۆڤدۆستدا دەبێت بواری فێرکاری گرنگییەکی زۆری پێ بدرێت. دەستووری وڵات دەسنیشانی ڕەوتی سیستەمی فێرکاری دەکات. ئەگەر یاسا دیموکرات و ڕەوا بێت، ئەوە سیستەمی فێرکاریش هەمان ڕەنگ و ناوەڕۆک دەگرێتە خۆ. نادیموکرات و ناڕەوا بێت، ئەوا سیستەمی فێرکاریش جێپێی هەڵدەگرێتەوە. بڕوانە وڵاتانی جیهانی سێیەم، هەر بۆ نموونە سوریا و ئێران و ئەردەن و عێراق، نموونەی زیندوون بۆ سیستەمی دیکتاتۆری و ناوەندی. ئەنجامەکانی بەرنامەی خوێندن لەو وڵاتانەدا زۆر زۆر نزمترن لە ئەنجامەکانی سیستەمی فێرکاریی دیموکراتی لە وڵاتانی دیموکراتدا.
بۆ ئەوەی ڕێز و باوەڕی مامۆستایان، قوتابیان، کارمەندانی پەروەردە و دایکوباوکان بۆ سیستەمی فێرکاری لە کوردستاندا زیاد بێت، پێویستە بەرپرسانی فێرکاریی کوردستان بیرێکی ورد لە گۆڕانکاری و ڕیفۆرمی سیستەمەکە بکەنەوە.

## ڕیفۆرمەکان

### ١- دانانی بەرنامەی فێرکاریی دیموکراتیی نوێ

دانانی بەرنامەی (مەنهەجی) فێرکاریی دیموکراتی، لەبری بەرنامەی فێرکاریی دیکتاتۆری ساڵی ١٩٧١، ڕیفۆرمێکی پێویست و گرنگە. مانەوەی هەمان بەرنامە، بەردەوامی کابوسی فەلسەفەی شۆڤێنییە بەسەر مێشکی نەوەی نوێی گەلی کوردستانەوە.



هۆمەر قەرەداغی

بەرنامەی فێرکاری، ڕێگەنیشاندەری خاڵە گشتییەکانە کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی لەگەڵ بەها بنەماییە بەرزەکانی مرۆڤایەتیدا هەیە. دەکرێت بەرنامەکە پێک بێت لە دوو بەش: بەشی بەها بنەماییەکان وەک: دیموکراتی لە کۆمەڵدا، یەکسانی نێوان ژن و پیاو، بەرابەری و هاوتایی نرخی مرۆڤ، پیرۆزیی نرخی ژیان و سۆلیدارێتی لەگەڵ ئەو قوتابی و خوێندکارانەی کە پێویستییان بە یارمەتی زیاتر هەیە.
لە بەشی دووەمدا کە بەشی زانستە بەوردی باس لە ئەرکەکانی قوتابخانە و مامۆستا و بەڕێوەبەر دەکرێت. بەرنامەی وانەکان لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەی فێرکاریدا دادەنرێت. هیچ وانەیەک نابێت لە خاڵە گشتییە دیموکراتییەکان لا بدات. لەوە دەرچێت، مامۆستا سەربەستی دەبێت کە چ کتێبێکی خوێندن، بۆ گەیشتن بە ئامانجە گشتییەکان، پیادە بکات.

### ٢- ناناوەندێتی لە بەڕێوەبردنی قوتابخانەکاندا

هەموو سیستەمێکی دیموکراتی پێشکەوتوو، سیستەمێکی ناناوەندییە. قوتابخانەکان لە شێوەی بەڕێوەبردنی کارەکانیاندا، ئۆتۆنۆمن. بەڕێوەبەر، دوای ڕاوێژکردن لەگەڵ قوتابییان و مامۆستایاندا، لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەی فێرکاریدا سەربەستە لە شێوەی بەڕێوەبردنی قوتابخانەکەدا. ئەم سەربەستییە توانای دەستپێشخەری و باوەڕبەخۆبوون دروست دەکات. هەموو پێشکەوتنێکیش سەرئەنجامەکەی لە مرۆڤەکانەوە دێت کە خۆیان خاوەنی گۆڕانکارییەکانی ژیانی خۆیان بن، نەک بە سەریاندا سەپێندرا بێت.
بە ناناوەندیکردنی سیستەمی فێرکاری لە کوردستاندا، بەهرەکان خونچە دەکەن و سەرهەڵدێنن، تەنگژە و گەندەڵی لەم بوارەدا بنبڕ دەکرێن، هەروەک چۆن لە وڵاتێکی وەک سویددا کراوە.
ڕێکخستنی کاری مامۆستایان لە قوتابخانەدا دەکرێت لە دوو گرووپی کاردا بێت، گرووپی مامۆستایان کە وانەیەکی هاوبەشیان هەیە وەک مامۆستایانی بیرکاری و گرووپی ئەو مامۆستایانەی کە قوتابیی هاوبەشیان هەیە وەک مامۆستایانی پۆلێکی تایبەت.

### ٣- نۆ ساڵی خوێندن بە زۆر

خوێندن لە هەموو کوردستاندا نۆ ساڵی یەکەم بە زۆر بێت. هیچ منداڵێک بەپێی یاسا بۆی نەبێت لە قوتابخانە بێتە دەرەوە. ئەم یاسایە بنبڕی نەخوێندەواری و کاری بەکرێگرتەی منداڵ دەکات، کە دوو گرفتی گەورەی کۆمەڵگای کوردستانن.
ئەرکی دەسەڵاتە کە هەموو منداڵێک توانای خوێندنی هەبێت. دوور بکەوێتەوە

لە کارکردن و یاساکانی سەر شەقام کە زۆر دوورن لە پەیوەندییەکانی ناو قوتابخانەوە.

### ٤- ئازادکردنی قوتابخانەی سەرەتایی لە سیستەمی تاقیکردنەوە و دیاردەی دەرچوون و دەرنەچوون


منداڵ لە تەمەنێکی کەمدا توانای بیری ئەوەندە فراوان نییە کە بتوانێت ڕووداوەکانی دەوروبەری بە شێوەیەکی زانستی هەڵسەنگێنێت و هەمەلایەنە بیر لە باری زانستیی خۆی بکاتەوە. هەموو کۆنترۆڵ و هەڵسەنگاندن و نمرەدانان و ئاستدانان دەبێتە ڕێگر لە بەردەم گەشەکردن و پێشکەوتنیدا. دەرنەچوون بۆ نموونە لە پۆلی یەکی سەرەتایی بۆ پۆلی دوو، جۆرێکە لە سەرکوتکردنی دەروونی منداڵ کە لە تەمەنی گەورە ساڵیدا ئەنجامی گەورە و ئاڵۆزیی کەسایەتی لێ دەکەوێتەوە. جیاکردنەوەی منداڵ لە یەکتری بە دەرچوون و دەرنەچوون لەبەر جیاوازیی توانایان لە بواری خوێندندا نیشانەی بەرابەرنەبوونی نرخی مرۆڤە، چونکە بناغەی بەها بنەماییە مرۆڤایەتییە بەرزەکان لەسەر هاوتایی و یەکسانیی تاکەکەس دوور لە ڕەگەز و ڕەنگی پێست و باری ئابووری دانراوە. دەرنەچوونی قوتابی لە قۆناغی سەرەتاییدا دژی هەموو بەهایەکی بەرزی مرۆڤایەتییە. ئەڵتەرناتیڤ بۆ دەرنەچوون یارمەتیدانی ئەو قوتابییانەیە کە پێویستیان بە یارمەتی هەیە. ئەرکی کۆمەڵگا ئەوەیە کە تاکەکەس هەست بە یەکسانی و سەربەستی بکات. تەنیا لەو ڕێگایەوە کۆمەڵگا دەبێتە جێگەی باوەڕ و دڵسۆزیی تاکەکەس.

### ٥- ئازادکردنی قوتابی لە تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە هەر سێ پۆلی شەشی سەرەتایی، سێی ناوەندی و شەشی ئامادەیی

ئامانجی تاقیکردنەوەی میللی لە سویدا بۆ یارمەتیدانی مامۆستایە بۆ ئەوەی بتوانێت بەراوردی ئاستی زانیاریی قوتابییەکانی لەگەڵ قوتابییانی قوتابخانەکانی دیکەدا بکات. لە کوردستان ئامانجی تاقیکردنەوەی بەکالۆری بۆ



کاتی وانەوتنەوە لە پۆلێکی کوردستاندا





هۆمەر قەرەداغی کاتی وانەوتنەوە لە پۆلدا ـ سوید



مامۆستایەک لە کاتی وانەوتنەوەدا ـ کوردستان

دەرچوون و دەرنەچوونی قوتابییانە. ئەم بڕیارەش وایکردوە کە تەنیا ئەنجامی یەک تاقیکردنەوە، لە چەند کاتژمێرێکدا کاریگەریی گەورەی لەسەر بەردەوامیی ژیانی قوتابییەکان هەبێت. ئەم دراما تراژیدییە ژیانی هەزاران قوتابیی کوردستانی کردۆتە دۆزەخ. هەربۆیە ئازادکردنی قوتابی لە تاقیکردنەوەی بەکالۆری لە هەر سێ پۆلی شەشی سەرەتایی، سێی ناوەندی و شەشی ئامادەیی پێویستیەکی هەنووکەییە و دەبێت بە هەند وەربگیرێت.

سیستەمی فێرکاریی سوید سەرکەوتووانە تاقیکردنەوەی میللی لە جێگای بەکالۆری، لە ئەنجامی ئەزموونی ٢٠٠ ساڵی سیستەمی دیموکراتیدا، داناوە. لە کوردستان دەکرێت تاقیکردنەوەی پۆلی شەشی سەرەتایی و سێی ناوەندی بەبێ هیچ ئەڵتەرناتیڤێک لاببرێت. لە پۆلی شەشی ئامادەییدا لاببرێت و لە جێگایدا ڕێژەی ئەنجامی هەموو تاقیکردنەوەکانی قوتابی لە پۆلی چوار و پێنج و شەشی ئامادەیی دابنرێت.

بەسەیرکردنێکی خێرای تاقیکردنەوەکانی بەکالۆری وانەکانی بیرکاری، فیزیک، کیمیا، زیندەوەرزانی، ئینگلیزی، کوردی، عەرەبی، پەروەردەی ئیسلامی و ئابووری، پۆلی شەشی ئامادەیی زانستی و وێژەیی، ساڵی خوێندنی ٢٠٠٤/ ٢٠٠٥ دەردەکەوێت کە هەم ئاستی خوێندن و هەم ئاستی هەڵسەنگاندن و تاقیکردنەوە لە کوردستان چەند دوورە لە سیستەمی فێرکاریی سەردەم و دیموکراتیەوە.

بۆ نموونە تا ئێستاش قوتابی بۆی هەیە لە شەش پرسیار تەنیا وەڵامی پێنج پرسیار بداتەوە، واتە قوتابی بۆی هەیە یەک بەشی سەرەکیی کتێبی خوێندن پشتگوێ بخات، بەمەش کۆگەلی وانەکە، کە ئامانجی سەرەکیی خوێندنی مەدەنی و دیموکراتیەتە، لە دەست دەچێت.

نموونەیەکی دیکە بوونی بۆشاییە لە پرسیارەکاندا کە قوتابی دەبێت پڕیان بکاتەوە. ئەم جۆرە پرسیارانە نموونەی دەرخکردن و لەبەرکردنی کاتیی زانیارییە بە زۆرەملێ کە پاش ماوەیەکی کەم قوتابی بیری دەچێتەوە و بەوەش کۆمەڵگا هیچ سوودێکی نوێخوازی و پێشکەوتنی لێ نابینێت. ئەڵتەرناتیڤی ئەم سیستەمە، فێربوونە. سیستەمێکە کە قوتابی فێر دەکات چارەسەر بۆ گرفت بدۆزێتەوە و کۆگەلی، لەجیاتی بەشبەشکردن، باڵ بەسەر بیریدا بکێشێت. بۆ تێگەیشتن، لەبری دەرخکردن، پێویستە قوتابی بەم قۆناغانەدا بڕوات: وەرگرتنی زانیاریی ڕاست، تێگەیشتن، توانابەهێزبوون، شارەزایی و قوڵبوونەوە. هەر یەکێک لەم قۆناغانە کاتی تایبەتی خۆی دەوێت کە جیاوازە لە قوتابییەکەوە بۆ قوتابییەکی تر. بەشبەشکردن و دەرخکردنی زانیاری توانای بیرکردنەوەی فراوانی قوتابی تەسک دەکاتەوە و ئەنجامەکەشی نەبوونی لێکۆڵەرەوە، پسپۆڕی شارەزا و دواکەوتنی تەکنەلۆژی لێ دەکەوێتەوە. نموونەی تر لەسەر ئاستنزمی و بێسوودی تاقیکردنەوەکانی بەکالۆری لە کوردستاندا زۆر زۆرە، ئەو دوو نموونەیەی سەرەوە مشتێکن لە خەروارێک.

### ٦- ئازادکردنی کتێبی وانەکان

دەبێت کتێبێکی تایبەت نەسەپێندرێت بەسەر هەموو مامۆستاکان و قوتابخانەکاندا بۆ وانەیەکی تایبەت و پۆلێکی تایبەت. بوار بدەن بە مامۆستا و بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە لە هەڵبژاردنی کتێبی وانەکاندا خاوەن بڕیار بن.

بەرنامەی خوێندن ڕێگا نیشان دەدات و دەستنیشانی ڕێبازی سەرەکیی خوێندن دەکات. مامۆستاکان لەبەر ڕۆشنایی بەرنامەکە کتێب دەنووسن. دەبێت چەندین کتێب هەبێت بۆ ئەوەی مامۆستا ئازادی هەڵبژاردنی هەبێت، کە بنچینەی سەرەتایی بنەمای دیموکراتی خوێندنە. پێشکەوتن لە ئەنجامی کێبڕکێدا دروست دەبێت، بۆ بوونی کێبڕکێش دەبێت ئەڵتەرناتیڤی جیاواز هەبێت. ناکرێت نەوە دوای نەوە بە «دارا دوو داری دی» فێری خوێندن بکرێت، لە کاتێدا هەموو سیستەمێک لە گۆڕاندایە، بەتایبەتی لێکۆڵینەوە لە بواری پیداگۆکی و دیداکتیک و شێوەکانی وەرگرتنی زانیاریی جیاوازی وانەوتنەوە.

دەکرێت مامۆستایەک چەندین کتێبی جیاواز لە یەک وانەدا، بۆ بەرفرەواندنی ئاسۆی بیری قوتابی و سوودوەرگرتن لە ئەزموونی نووسەری جیاواز، بە کار بهێنێت. دەکرێت لەمیانەی یەک پرۆژەدا چەند وانەیەک بەشدار بن، بۆ نموونە پرۆژە لەسەر دارستان دەکرێت وانەکانی زیندەوەرزانی، بیرکاری، فیزیک، کیمیا، ئینگلیزی و کوردی بەشدار بن. لەو کاتەدا مامۆستای هەر وانەیەک ڕێنمایی قوتابییەکان دەکات لەو بەشەی پەیوەندی بە وانەکەی خۆیەوە هەیە. بەمەش هاوکاریی مامۆستایان و قوتابییان و وانەکان بەهێز دەبێت و کۆگەلی و ئامانجە گشتییەکانی زانست جێگەی ئامانجی تەنیای هەر وانەیەک دەگرێتەوە و لەکۆتاییدا زانیاریی قوتابییەکە لە ئاستێکی تایبەتی ژیاندا فراوان دەبێت و لە بیریشی ناچێتەوە. ئەم کاری بە کۆمەڵە لە سیستەمی دیموکراتیدا جێگەی جیهانی تەسکی لەبەرکردن و دەرخکردنی گرتۆتەوە.

### ٧- ئازادکردنی مووچەی مامۆستایان

مووچەی مامۆستا نابێت ببەسترێت بە تەمەنی مامۆستاکەوە. مامۆستای بەتوانا و لێهاتوو دەبێت مووچەی بەرزتر بێت لە مامۆستایەک کە سەرکوتکەری قوتابییان بێت. دڵسۆزیی مامۆستا بۆ قوتابی باشترین ئەتمۆسفێری فێربوون بۆ قوتابی دروست دەکات. مووچەی مامۆستا دەبێت گرێدراوی ڕادەی کاری مامۆستاکە بێت نەک تەمەنی. مامۆستایەکی بەتەمەن کە ئازاری فیزیکی و دەروونی قوتابییەکان بدات لە ئاستێکدا نییە کە لە ڕێگەی مووچەیەکی زیادەوە ڕێز بۆ کارە خراپەکەی دابنرێت. سیستەمی مووچەی مامۆستا لە کوردستاندا هاندەری مامۆستا نییە بۆ ئەوەی هەوڵ بدات هەموو توانای خۆی لە کارەکەیدا بە کار بهێنێت. ئەو مامۆستایانەی کە زۆر باشن لەبەر ئەوە نییە کە مووچەیان بەرزە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە مرۆڤی باشن و خاوەنی بەهای مرۆڤایەتیی بەرزن.

هەڵسەنگاندنی قوتابییان، سەندیکای سەربەخۆی مامۆستایان و بەڕێوەبەری قوتابخانە دەبێت بکرێتە بنەما بۆ بڕیاری کەم و زۆری ئاستی مووچەزیادکردنی مامۆستایان.

### ٨- تەرخانکردنی بودجە بۆ هەر قوتابخانەیەک

یەکێک لە تەنگژە گەورەکانی ناو قوتابخانەکانی کوردستان ئەوەیە کە بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەکان هیچ بودجەیەکی تایبەتیان نییە کە بتوانن بە کاری بهێنن بۆ: لە لایەک چارەسەرکردنی ئەو گرفت



چەند خوێندکارێک لە پۆلدا ـ کوردستان



چەند خوێندکارێک لە پۆلدا ـ کوردستان



خوێندکارێک

و پێویستییانەی کە بەرەو ڕوویان دەبنەوە و لە لایەکی ترەوە پێشخستنی قوتابخانەکەیان. هەر کێشەیەک بێتە پێشەوە، دەبێت بەڕێوەبەری قوتابخانە داوا لە سەرووخۆیەوە بکات تا یارمەتی بدرێت، کە ئەمەش لە باشترین کاتدا بیرۆکراتیەت و بەفیرۆدانی کاتی لێ دەکەوێتەوە. هیچ قوتابخانەیەک سەربەستیی خۆی نییە کە بەرنامەی پێشکەوتن بۆ قوتابخانەکەی دابنێت. نەبوونی بودجەی تایبەتی دەبێتە کوشتنی توانای دەستپێشخەری لای بەڕێوەبەری قوتابخانە و بەهێزکردنی هەستی بێدەسەڵاتی لەناو مامۆستاکاندا. ئەم کارە لەئەنجامدا کار دەکاتە سەر باری دەروونی قوتابییەکانیش کە هەموو کات هەست بکەن توانای ئابووری هەر لای دەسەڵاتدارانی سیاسی هەیە و بەمەش ڕێزێکی خەیاڵیی هەڵە لایان دروست دەبێت کە بە زەحمەت لە ژیانی گەورەساڵیدا لێی ڕزگار دەبن.
بڕی بودجەی قوتابخانە دەبێت گرێدراوی ژمارەی قوتابییانی قوتابخانەکە بێت، بەمەش جارێکی تر قوتابی دەکرێتە ناوەند و دەبێت خزمەت بکرێت، قوتابی هەستی باوەڕبەخۆبوونی تێدا بەهێز دەکرێت. بەڕێوەبەر و مامۆستاش کار دەکەن بۆ ئەوەی ناوی قوتابخانەکەیان بە باشی بڵاو بێتەوە بۆ ئەوەی زۆربەی ژمارەی قوتابی ڕێیان تێ بکات، بەمەش بودجەکەیان زۆرتر دەبێت.
بەڕێوەبەری قوتابخانە، بە ڕاوێژ لەگەڵ سەندیکای مامۆستایان و شورای قوتابییاندا، بڕیاری شێوەی بەکارهێنانی بودجەکە دەدەن. هەموو لایەنەکان بە شێوەیەکی دیموکراتی گوێ لە دەنگیان دەگیرێت و بەوەش خۆشەویستیی کار و قوتابخانەکە لە لای هەمووان گەورە دەبێت.

### ٩- تەرخانکردنی بودجەیەکی تایبەت بۆ سەرخستنی ئاستی زانستیی مامۆستایان

زانست هەموو کات لە گۆڕان و پێشکەوتندایە. لە ڕۆژگاری ئینتەرنێت و کۆمپیوتەر و گلوبالیزمدا گرنگە مامۆستا زوو زوو بنێردرێتە خولی ڕاهێزان و زانستییەوە بۆ ئەوەی بتوانێت لە کارەکەیدا نوێترین شێوەی بیرکردنەوە و ئاستی زانستی بە قوتابییەکانی پێشکەش بکات.

دەکرێت بودجەکە بکرێت بە سێ بەشەوە
ـ بەشێک لەسەر ئاستی تاکەکەس
ـــ بەشێک لەسەر ئاستی گرووپێک مامۆستای وانەیەکی هاوبەش
ـــ بەشێک لەسەر ئاستی هەموو قوتابخانەکە

## ١٠- بەشداریی شورای قوتابییان

دەرفەت بدرێت بە شورای قوتابییان لە بەشێکی کۆبوونەوەکانی مامۆستایان و بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەکاندا بەشداری بکەن. ئەم کارە کۆبوونەوەکان دەوڵەمەند دەکات و سیستەمەکە بەرەو پێشکەوتنی پرۆسەی دیموکراسی دەبات.
شورای سەربەخۆی قوتابییان یەکێکە لە کۆڵەکەکانی دیموکراتیەت لە قوتابخانەدا. قوتابی دەبێت هەست بکات کە گوێ لە دەنگی دەگیرێت و دەتوانێت ڕۆڵی لە پێشکەوتنی قوتابخانەکەیدا هەبێت. قوتابی دەبێت هەست بکات کە دەزانێت قوتابخانەکەی چۆن بەڕێوە دەبرێت. دەبێت قوتابخانە ئەتمۆسفێرێکی وا دروست بکات کە قوتابی بە پیرۆزی و ئەفسانەوی و ترسەوە سەیری گەورەسالان نەکات، بەڵکو وەکو ئەندامێکی سروشتی ناو کۆمەڵ بیانبینێت.



خوێندکارێک

## ١١- دیداری گەشە

دیدارێکە لەنێوان مامۆستا و قوتابی و دایکوباوکاندا، بۆ گەشەکردنی قوتابی و بەرەوپێشەوەچوونی پرۆسە فێرکارییەکە بە کار دەهێنرێت. ساڵی دوو جار دەبەسترێت و لە کاتی پێویستدا زیاد دەکرێت. ماوەی دیدارەکە نزیکەی نیو کاتژمێرە و بەو شێوەیەش پەیوەندی قوتابخانە لەگەڵ دایکوباوکاندا بەهێز دەکات و هەردوولاش سوود لە یەکتر، بە گۆڕینەوەی زانیاری و پشتگیریکردنی یەکتر بۆ بەهێزکردنی قوتابییەکە، وەردەگرن.

## ١٢- کۆمەڵەی دایکوباوکان

دایکوباوکان دوور لە دەستێوەردانی قوتابخانە کۆمەڵەی سەربەخۆی خۆیان بۆ پشتگیریی قوتابییان و ئاگالێبوونی کارەکانی بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە، دروست دەکەن. بەهۆی بەشداری دایکوباوکانەوە قوتابخانە دەبێتە جێگای پیادەکردنی دیموکراتی و باوەڕبوون بە یەکتر. کۆمەڵەی دایکوباوکان دەبێتە ئامرازێکی بەهێز بۆ پشتگیریکردنی پرۆسەی خوێندن و مامۆستایان لە قوتابخانەدا.

## ١٣- پەیوەندی نێوان قوتابخانە و کۆمەڵگا

قوتابخانە جێگایەک نییە کە دەرگاکەی بە ڕووی کۆمەڵگادا داخراو بێت یا دیواری بەرز بە دەوریدا دروست کرابێت بۆ ئەوەی قوتابییان دوور لە کۆمەڵ لەو جێگایەدا سنوور بۆ جموجۆڵیان دابنرێت. قوتابخانە دەبێت بە ڕووی کۆمەڵدا شەفاف و کراوە بێت نەک هەر بە تێکەڵاوی و سەردان، بەڵکو بە شێوەی بینا و ستروکتوریشەوە. قوتابی دەبێت پەیوەندی بە بازاڕی کارەوە هەبێت، بۆ نموونە پەیوەندی بە دەستگای پۆلیس، کارمەندی ئاگرکوژێنەوە، کارگەکان، بانکەکان و شارەوانییەوە هەبێت. ئەمەش بۆ فرەواندنی ڕوانگەی قوتابییانە دەربارەی کاروباری کۆمەڵگا.
لە قۆناغی ناوەندیدا گرنگە قوتابی دوو تا سێ هەفتە لە بازاڕی کاردا، لەژێر سەرپەرشتیی مامۆستایەکدا پراکتیکی (مەشقی) هەبێت. بۆ نموونە لە بانکێکدا لەگەڵ یەکێک لە کارمەندەکاندا دەوام بکات و فێر بێت ئەرکی کارمەندێک چییە. لە قۆناغی ئامادەییدا ژمارەی هەفتەکانی پراکتیک بۆ پێنج تا دە هەفتە، بەپێی ئەو بەشەی کە قوتابی دەیخوێنێت، زیاد بکرێت.
هەر لە قۆناغی ئامادەییدا گرنگە کە قوتابییەکان پەیوەندیان لەگەڵ پەیمانگا


و زانكۆكاندا هەبێت. بەم پەیوەندییە ئاسۆی بیری قوتابییەكان فراوان دەبێت و جیهانی بوارەكان لە بەردەمیاندا گەورە دەبێت.

## ١٤- دامەزراندنی ڕێنیشاندەری خوێندن و كاركردن

دامەزراندنی كارمەندێک وەک ڕێنیشاندەری خوێندن و كاركردن لە قوتابخانە ناوەندی و ئامادەییەكاندا دەبێتە یارمەتیدەری قوتابییان بۆ وەرگرتنی زانیاری دەربارەی خوێندنی پلەی دواتر و بازاڕی كار. قۆناغی ناوەندی و ئامادەیی هەر تەنیا دوو قۆناغی خوێندن نین بۆ قوتابی، بەڵكو دوو قۆناغی گرنگی ژیانی لاوان و گەنجانە كە زانیارییەكی زۆریان نییە لەسەر بازاڕی كار و قۆناغەكانی تری خوێندن، بەتایبەتی ئەو قوتابییانەی كە خێزانێكی ئەكادیمییان نییە.
دەستبەردان لە قوتابی لە دوای قۆناغی ناوەندی یا ئامادەیی دەستبەردانە لە بەرپرسیارێتیی ژیانی نەوەی نوێ. ئەم كارە نامۆیە بە هەموو سیستەمێكی فێركاری كە بناغەكەی لەسەر دیموكراتی، بەرابەریی نرخی مرۆڤەكان، یەكسانیی ژن و پیاو و یارمەتیی یارمەتیپێویستان دانرابێت. ئەركی كۆمەڵگایە، لە ڕێگەی قوتابخانەوە، ڕێگاڕۆشنكەرەوەی قوتابییان بێت لە میانەی خوێندن و كاركردندا. هیچ كۆمەڵگایەكی سیڤیل و شەفاف وا بەئاسانی دەست لە نەوەی خۆی بەر نادات.

## ١٥- دابینكردنی پەرستار

دابینكردنی پەرستار (سیستەر، هاوشیرە) لە قوتابخانەكاندا، دڵنیایی تەندروستی لای قوتابییان دروست دەكات. پەرستار یا برینپێچ دەتوانێت لەكاتێكدا كە قوتابییان پێویستیان بە یارمەتی هەبێت، یارمەتییان بدات و لە كاتی ئاساییدا زانیاری لە بواری تەندروستیدا بە پۆلەكان بدات.
ڕێژەی گشتی تەمەنی مرۆڤ پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ئاستی زانیاریی تەندروستییەوە لە سەردەمی منداڵی و لاویدا هەیە. هەموو هەوڵدانێک بۆ بەرزكردنەوەی ئاستی زانیاریی تەندروستی بناغەدانانێكە، تەنانەت لە ڕووی ئابووریشەوە، بۆ پاشەڕۆژی هەموو كۆمەڵگایەک.



كاتی وانەوتنەوە لە پۆلێكی كوردستاندا

## ١٦- دروستكردنی كۆمەڵەی جیاواز

بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانە دەبێت پشتگیریی قوتابییان بۆ دروستكردنی كۆمەڵەی جیاواز بكات، بۆ نموونە كۆمەڵەی ژینگە، كۆمەڵەی جوانكردنی قوتابخانە، كۆمەڵەی وەرزشی وەک باڵە و باسكە و تۆپێی. بوونی ئەم كۆمەڵە سەربەخۆیانەی قوتابییان پرۆسەی دیموكراتی دەباتە پێشەوە و قوتابییانیش گەشە دەكەن. لەو وڵاتانەی كە ئەم جۆرە كۆمەڵانە زۆرن، دیموكراتیەت بەهێزە.

## ١٧- دانانی بەرنامەی كار

هەموو قوتابخانەیەک بۆ هەموو ساڵێكی خوێندنی دەبێت بەرنامەی كاری هەبێت. بەرنامەكە بەڕێوەبەر بەرپرسیارێتی، بەڵام لە بەرهەمهێنانیدا قوتابییان و مامۆستایان بەشداری تێدا دەكەن. بەشی سەرەكیی بەرنامەكە بریتییە لەو ئامانجانەی كە قوتابخانەكە دەیەوێت لەو ساڵەدا پێی بگات. دەبێت بەوردی لە بەرنامەكەدا باس لەوە بكرێت كە چۆن قوتابخانەكە بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە كار دەكات. لە كۆتایی ساڵدا بەرنامەكە هەڵدەسەنگێنرێت و لایەنی بەهێز و لاوازی كارەكان دەستنیشان دەكرێت.

## ١٨- كردنەوەی سەنتەری یارمەتی لە قوتابخانەكاندا و دامەزراندنی مامۆستای تایبەت

ئاستی زانیاری و توانای هەموو قوتابییەک وەک یەک نییە، هەربۆیە زۆر گرنگە كە لە هەموو قوتابخانەیەكدا سەنتەرێک یا بەشێكی یارمەتی هەبێت كە تێیدا ئەو قوتابییانەی كە پێویستیان



خوێندکارێک لە پۆلدا ـ کوردستان (بە کامێرای جەمال پێنجوێنی)

بە یارمەتیی زیاتر هەیە، بەتایبەتی لە وانە سەرەکییەکاندا، یارمەتی وەربگرن. لەم بەشانەدا دەبێت مامۆستای تایبەتی کار بکەن. مامۆستا تایبەتییەکان دەبێت خوێندنی تایبەتیان، لە بواری دەروونی و یارمەتیی قوتابییانی لاوازدا، خوێند بێت. مامۆستاکان دەبێت توانایەکی باشیان لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەبێت، بۆ ئەوەی هەستی باوەڕبەخۆبوون لای قوتابییە لاوازەکان، لە بواری خوێندندا دروست بکەن.

## ١٩- نەهێشتنی ترس لەناو قوتابییاندا

ترس، مۆتەکەیەکی گەورە و ڕێگرە لە بەردەم گەشەکردنی گونجاو و باشی قوتابیدا، ڕێگەگرە لە بەردەم کاری دەستپێشخەر و باوەڕبەخۆبووندا. قوتابی لە کوردستان لە قۆناغی سەرەتاییدا لە مامۆستا دەترسێت، لە بەڕێوەبەری قوتابخانە دەترسێت، لە دایکوباوک دەترسێت. ترسەکان لە ئازاردانی فیزیکی و دەروونییەوە سەرچاوە دەگرن. دەبێت قوتابی لە هەموو جۆرێک ترس ئازاد بکرێت و قوتابخانە ببێتە لانەی دڵنیایی و ئارامی. لە هەر وڵاتێکدا قوتابی لە مامۆستا ترسا، گەورەسال لە دەسەڵات ترسا، ئەو وڵاتە وڵاتێکی دیموکراتی نییە.

## ٢٠- دامەزراندنی لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵایەتی

پێویستی قوتابی لە قوتابخانەدا، هەر وەرگرتنی زانست و زانیاری نییە، بەڵکو ئەرکی سەرەکیی قوتابخانە، ئامادەکردنی قوتابییە بۆ ژیانی گەورەساڵی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە. لە وڵاتێکی وەک کوردستاندا کێشەی کۆمەڵایەتی زۆرن و گەنج و لاوان، بەتایبەتی کچان، زۆر پێویستیان بەوە هەیە کە لە قوتابخانەکەیاندا لێکۆڵەرەوەی کۆمەڵایەتی هەبێت بۆ ئەوەی بتوانن بە سەربەستی باسی گیروگرفتەکانی خۆیان بکەن و یارمەتی بۆ چارەسەرکردنیان وەرگرن.

## ٢١- تێکەڵاوی کچ و کوڕ

هەموو کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو و دیموکرات، کۆمەڵگایەکی یەکسانە و کچ و کوڕ تێیدا بەرابەرن. تێکەڵاوی کچ و کوڕ لە هەموو ئاستەکانی خوێندندا هەر لە باخچەی منداڵانەوە تا زانکۆ دیاردەیەکی هاوچەرخە و گەنج و لاوان لەم کۆمەڵگایانەدا لە گرێی دەروونی، بەرامبەر ڕەگەزەکەی بەرامبەریان، دوور دەبن. هەڵسوکەوتەکان بە شێوەیەکی ئاسایی دەکرێن و کراوەیی و شەفافی جێگای ترس و شتشاردنەوە دەگرنەوە و ئەنجامەکەشی مرۆڤی دەروونڕوون و کراوە دەبێت.
لە کوردستان دەبێت خوێندنی ناوەندی و ئامادەییش، هەروەکو ئاستەکانی سەرەتایی و زانکۆ، تێکەڵاو بێت. ئەو لێکبڕانە دروستکراوە لە ناوەڕستی خوێندندا، بە سروشتی مرۆڤ کارێکی نامۆیە.

## کۆتایی

ئەم ڕیفۆرمانە ئەگەر لە کۆمەڵگای کوردستاندا لە بواری خوێندن و پەروەردەدا بکرێن، بەرنامەی فێرکاری بەرەو بەرنامەیەکی مەدەنی و دیموکراتی دەبەن و نەوەی ئەمڕۆی کوردستانیش لەو تەنگژە گەورەیە دێنێتە دەرەوە.
ڕیفۆرمەکان بودجەیەکی گەورە و کار و کاتێکی زۆری دەوێت، هەروەها ئالییەتێکی ڕاست و زانستی پێویستە بۆ گەیاندنی بە کەناری ئارامی جێبەجێکردن.
بەڵام هەمووی هێشتا کەمە لەچاو دەستکەوتەکاندا ئەگەر مەبەست بێت کە تاکی کورد سەربەست و کوردستانیش ئازاد و ئاوەدان و پێشکەوتوو بێت.


٢٠٠٦/٣/١١

# ئاستەنگەکانی پەروەردە و فێرکردن لە باشووری کوردستان
## لەنێوان فەنتازیا و میتافیزیکدا

کەریم مستەفا

فەنتازیا و میتافیزیک، لە ڕووی سیمانتیکی و فەلسەفییەوە، لێک نزیک نین و بەئاسانیش ناکرێت پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیان بەم باسەوە گرێ بدەین، کەواتە دەکرێت بپرسیت: «ئەی بۆچی کردووتە بە سەردێڕی نووسینەکەت؟» لەڕاستیدا ئەوە گووتەی بەرپرسێکی (موخەزرەم = دووسەردەمی) پەروەردە و فێرکردن، لە پەروەردەی سلێمانی بوو. کورتەی بەسەرهاتەکە بەم جۆرە بوو: هاوینی ساڵی ٢٠٠٣، بەرنامەی خوێندن و پەروەردەکردن و فێرکردن بۆ پۆلێکی نموونەییم لەسەر شێواز و ڕێبازی پەروەردە و فێرکردنی نەرویجی، ساز کرد و لە ڕێگای ڕێکخراوی کۆمەک، کە ئەو ساڵە من بەرپرسی ئەو ڕێکخراوە بووم لە نەرویج، ناردەوە بۆ سلێمانی. خۆشبەختانە، ئەوکاتە (خاتوو نەرمین عوسمان)، وەزیری پەروەردە بوو لە ئیدارەی سلێمانی، ڕەزامەندیی لەسەر پرۆژەکە نووسی و لە پاییزی هەمان ساڵدا لە گوندی (کەندەکەوە) پرۆژەکەمان لەسەر ئەرکی کۆمەک، پیادە کرد، تائێستا قۆناغەکانی یەک، دوو و سێی، بەسەرکەوتوویی تێپەڕاندووە.

بەهاری ساڵی ٢٠٠٤، لەگەڵ هاوکارێکی دیکەی ڕێکخراوی کۆمەکدا چووین بۆ سەردانی پرۆژەکە و گەلێ پێداویستیمان لەگەڵ خۆماندا بۆ پرۆژەکە بردەوە. لە سلێمانی لە ڕێگەی خاتوو نەرمینەوە (گەرچی لە پۆستی وەزارەتدا نەمابوو)، دەرکی هەندێ پەیوەندیمان بۆ کرایەوە. چەند کاربەدەستێکم بۆ دیتنی پرۆژەکە بانگ کرد، لەوانە بەڕێوەبەری فێرکردنی گشتی، یاریدەدەری بەڕێوەبەری پەروەردەی سلێمانی و ئەو بەرپرسەی کە خاوەنی ئەم گووتەیە بوو. پرۆژەکە دوو پۆل بوو، کاتێک بە پۆلەکاندا دەگەڕان، لە هەر پۆلێک بووکەڵەیەکیان بینی، ئەم بووکەڵانەش وەک هەر منداڵێکی پۆلەکە، کورسی و مێزی خۆیان هەبوو. لە هەموو ئەو وردەکارییانەی پۆلەکان و



کەریم مستەفا

پرۆژەکە، زیاتر ئەم بووکەڵانە سەرنجی ئەو بەرپرسەی ڕاکێشا، بۆیە پرسی: «ئەم لەعابانە چین؟» منیش گووتم: «ئەم بووکەڵانە هاوڕێی پۆلەکانن و هەر هەفتەی دەبنە میوانی یەکێک لە منداڵەکان.» دیسان پرسی: «چۆن؟» گووتم: «ڕۆژی پێنجشەممە و دوا وانە بووکەڵەکە دەبێتە میوانی یەکێک لە منداڵەکان، بێگومان ئەمە بە نۆرەیە و دەبێتە میوانی گشتیان، ئیدی ئەو دوو ڕۆژە پێکەوە دەبەنە سەر و شەو پێکەوە دەنوون و ڕۆژی شەممە کە منداڵەکە دێتەوە بۆ قوتابخانە، لە سەرەتای وانەی یەکەمدا، چیرۆکی خۆی و بووکەڵە، بۆ هاوپۆلەکانی دەگێڕێتەوە!» خەریک بوو پرسیار بکات، من دەرفەتم نەدا و درێژەم پێدا: «ئەم کارەش هانی منداڵ دەدات، کە هەم توانای گووتنی هەبێت و هەم فەنتازیای بە پیت بێت.» ئەو بەرپرسە، لەبری ئەوەی دوای ئەو ڕوونکردنەوەیە، شتێک بە من بڵێت، یەکسەر ڕووی کردە بەڕێوەبەرە گشتییەکە (چونکە پلەی فەرمی ئەو لە گشت ئەوانی دیکە بەرزتر بوو)، گووتی: «بەڵێ، ... خان، فەنتازیا، یەعنی میتافیزق.» ئەو بەڕێزە، پیاوێکی بەتەمەن بوو، پێش ڕاپەڕین، مامۆستایەکی بەتوانا و دواتر بەڕێوەبەرێکی کارامە بووە. بەڵام ڕژێمی بەعس غەدری لێکردووە و خانەنشینی کردووە، ماوەیەک بوو، بە پلەیەکی وەزیفەیی بەرزتر گەڕاندبوویانەوە بۆ ناو سیستەمی پەروەردە. من هەوڵ دەدەم ئەم دیدە سەیرە بکەم بە بناغەی باسەکە و بەگوێرەی گووتەی ئەو بەڕێزە ئاستەنگەکانی پەروەردە و فێرکردن بە سەر دوو برگەدا دابەش بکەم. برگەی یەکەم (فەنتازیا) و برگەی دووەم (میتافزیک). فەنتازیا، چونکە بە فەنتازی خۆم و وەک ئەوەی لەم وڵاتە دیومە، سیستەمی پەروەردە دەبێت وابێت. (هەر بە فەنتازیا نییە بەڵکو هەوڵیشی بۆ دەدەم). میتافیزک، (بە مانای ئەودیو سروشت، یان ناسروشتی) کە بەداخەوە سیستەم و ئایدیای پەروەردە و فێرکردنی باشووری کوردستان، زۆر ناسروشتی و نامۆدێرنە.

ئێستا، بە فەنتازیا وێنای سیستەمێکی پەروەردەیی و مۆدێرن دەکەم، کە بە سەر چوار توخمی بنەڕتیدا دابەشیان دەکەم، ئەوانیش:

١ـ مرۆڤ
٢ـ باری ژیان و ژینگە
٣ـ بینا
٤ـ بەرنامە و پلان

### ١ـ مرۆڤ

توخمی سەرەکیی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە، هەر پرۆسە و بەرنامەیەکی پەروەردە و فێرکردن، مرۆڤ نەکاتە ئامانجی سەرەکیی خۆی، سەرکەوتن بە دەست ناهێنێت.

ئەم توخمەش لە چوار برگەی سەرەکی پێک دێت:

*آ ـ منداڵ (قوتابی، خوێندکار)*

منداڵ ئەو مرۆڤەیە، کۆمەڵگا یاسا و



خوێندکارانی پۆلێکی کوردستان (کامێرای ژولی عەدنان)

ڕێساکانی خۆی بەسەردا دەسەپێنێت و لە تەمەنێکدا کە خۆی ناتوانێت بڕیار بدات، دەخرێتە نێو پرۆسەی خوێندنەوە. کەواتە هەڵبژاردنی ئەو پرۆسەیە بە خواستی منداڵ نییە و خواست و دید و بۆچوونی کۆمەڵگا، گەورەکان و سیاسەتمەدارانە، بەسەریدا دەسەپێت.

ئالێرەوە گرنگی، ئاڵۆزی و هەستیاریی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، بە دیار دەکەوێت. منداڵان کە توخمی سەرەکیی پرۆسەکەن، خۆیان هیچ ڕۆڵێکیان لە داڕشتنی بەرنامەی ئەو پرۆسەیەدا نییە. ئەوە گەورەکانن دەیانەوێت دید، بەها، ڕووداوە مێژووییەکان، ڕەوشت و ڕوانگەی فەلسەفیی خۆیان، فێری نەوەی نوێ بکەن.

خاڵی هەرە گرنگ ئەوەیە، کە منداڵ بە ڕێزگرتنی سنووری جەستە و بیروبۆچوونی کەسانی دیکە ڕابهێنرێت. دەبێت فێر بکرێت کە جەستەی هەر کەسێک، تەنێکی ئازاد و سەربەخۆیە و هیچ کەسێکی دیکە بۆی نییە سنووری ئەو جەستەیە بۆ هیچ مەبەست و ئارەزوو، یان بە ناوی دین و بیروباوەڕەوە، ببەزێنێت بەبێ ڕەزامەندیی خاوەن جەستەکە. دیسان دەبێت فێری ئەوە بکرێت کە هەرکەسێک ئازادە لە دەربڕینی بیروبۆچووندا، با ئەو بیروبۆچوونە، بە دڵی ئەو نەبێت و بگرە دژیشی بێت.

ئەم جۆرە ڕاهێنانە دانانی بەردی بناخەی کۆمەڵگەی دێموکراتە و هەستکردنی تاکە بە بوونی خۆی و لە هەمان کاتیشدا هەستکردنە بە لێپرسینەوە و بەرپرسیاریەتی. بە بڕوای سارتەر، مرۆڤی ئازاد و سەربەست، هەمیشە هەستی بەرپرسیاریەتی لەلا بەرزە.

*ب ـ مامۆستا (فێرکار)*

مامۆستا بزوێنەری پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە، گەیێنەری بەها مۆراڵی و فەلسەفییەکان و دیدگای کۆمەڵە بە نەوەکانی داهاتوو. مامۆستا لەلایەن کۆمەڵگاوە ئەرکێکی مۆراڵی پێ سپێردراوە، مەبەست گەیاندنی بەها و دیدگاکانە بە نەوەی نوێ، بەڵام ئیدی ئەوە لێهاتوویی خۆی و پاشخانی زانستی و ڕۆشنبیرییەکەیەتی کە دەیکات بە مامۆستا و فیرکەرێکی بەتوانا.

منداڵان تا قۆناغەکانی ناوەندی و ڕەنگە دواتریش، ناوی دانەری کتێب و پرۆگرامەکانی خوێندن بەلایانەوە گرنگ نیین و تەنها چاویان لە (دەم و دەستی) مامۆستایە و زانیارییەکان ڕاستەوخۆ لەو وەردەگرن. لەبەر ئەم هۆیە، پێگەی مامۆستا زۆر گرنگە و دەبێت هەردەم لە ئەجندای سیاسەتمەداران و باواندا بێت کە مێتۆدی ڕاهێنان و ئامادەکردن و زانیاریی مامۆستا لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی ناو کۆمەڵگا و جیهاندا، تازە بکرێتەوە. ئەو خاڵەش گرنگە کە مامۆستا لە تەمەنی منداڵیدا بەو بۆچوونە ڕاهێنرابێت ڕێز لە سنووری جەستە (بۆدی زۆن) و بیروبۆچوونی کەسانی دیکە بگرێت.

*ج ــ باوان (دایک و باوک) و سەرپەرشتیکاری منداڵ*

باوان، یان ئەو کەسەی سەرپەرشتیی منداڵ دەکات، لەدوای مامۆستا، ڕۆڵی زۆر گرنگ لە پرۆسەی فێرکردندا دەبینن. یان ڕاستتر، تەواوکاری پرۆسەکەن. بۆیە زۆر گرنگە بەشداریی چالاکانەیان لە دانانی بەرنامەکانی خوێندندا لە هەموو قۆناغەکانی ئەو پرۆسەیەدا (لە ڕێگای نوێنەرانیان یان، لە ڕێگای پرسوڕا و



مامۆستا و خوێندکارێکی پۆلێکی کوردستان (کامێرای جەمال پێنجوێنی)

سیمینار و کۆبوونەوە) هەبێت و دەبێت لــە هەمــوو قۆناغەکانی خوێندنــدا و لە گشــت پۆلێکــدا، ئەنجوومەنیــان هەبێت و ســاڵانە لــە کۆبوونەوەکانــی باوانــدا بەشــدار بــن و لــە دیــدار و گفتوگۆی ڕاســتەوخۆی نێــوان منداڵەکەیــان و مامۆســتاکەیدا، بەشدار بن و لەنزیکەوە ئــاگاداری هەر کێشــە و ڕێگرییەک بن لەبەردەم بەرەوپێشچوونی منداڵەکانیان و بە هەر ســێ لایــان ڕێگەچــارەی بۆ بدۆزنەوە. دیســان دەبێت لە ڕێگەگرتنی کێشــە و ناکۆکی نێــوان منداڵەکەیان و هاوپۆلەکانیــدا، ڕۆڵــی چالاکانە ببینن و هــەردەم دەبێــت منداڵەکانیــان بە بیری یەکســانیی مرۆڤــەکان و ڕێزگرتــن لە ســنووری جەســتە و بیروڕای کەسانی دیکە، پەروەردە بکەن.

بێگومــان دەبێــت ئــەم ئــەرک و بەرپرســیارێتییەی بــاوان و سەرپەرشــتیاران لە هەمبەر پرۆســەی پــەروەردە و فێرکردنــدا، لــە یاســا و ڕێســاکاندا بەڕۆشــنی دیاری بکرێت و لە ســەرەتای هەموو ســاڵێکی خوێندندا بیریــان بهێنرێتەوە و بەتایبەتی ڕێنمایی ئــەو باوان و سەرپەرشــتیارانە بکرێت، کە بۆ یەکەم جــار منداڵەکانیان دەخەنە پرۆســەی پــەروەردە و فێرکــردن و خوێندنەوە.

*د- سیاسەتمەداران و دەستەڵاتداران*

ئەمانیش ڕۆڵێکی گرنگ لەم پرۆســەیەدا دەبینــن. هــەر پارتییەکــی سیاســی و سیاســەتمەدارێک، لە هەوڵــی ئەوەدایە کە بەرنامەی سیاســیی پارتییەکە و بیر و بۆچوونی خۆی لە پرۆســەکەدا ڕەنگ بداتەوە. دەســتەڵاتدارانیش هەمیشــە لە هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەمان پرۆسەدان لە ڕێگەی دەستگای پەرلەمانەوە.

مــەرج نییــە سیاســەتمەداران و دەســتەڵاتداران ڕاســتەوخۆ لــە دانانی بەرنامەکانی پرۆســەکەدا بەشــدار بن، بەڵام کاریگەرییان لەســەر داڕشــتن و گۆڕانکارییەکانی بەرنامەکان و پرۆسەکە بەگشتی، هەیە.

پرۆســەی پــەروەردە و گۆڕانــکاری لە بەرنامەکانیــدا و بارودۆخی خوێندنگا و فێرگەکان، هەمیشە کەرەسەیەکی بەپێزی پڕوپاگەنــدەی سیاســی و پێشــبڕکێی پارتییەکانــە، بەتایبەتی لە ســەروبەندی هەڵبژاردنــی پەرلەمانــدا. لەکاتێکیشــدا، گــەر زیاد لە پارتییەک لە پۆزیشــن، یان دەستەڵاتدا بن، ئەوا وەزارەتی پەروەردە، یەکێــک دەبێت لەو وەزارەتانەی کە بگرە و بەردەی زۆری لەسەر دەبێت.

## ٢ــ باری ژیان و ژینگە

ئامانجی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و خوێنــدن، پێگەیانــدن و ئامادەکردنی هێزی کار و داهێنانی ڕۆژانی داهاتووە، تــا بتوانــن وڵات پێشــتر بخــەن و ئاســوودەتر بژین. ئاشکراشە کە ژیانی ئاســوودە بێ ژینگەیەکی خاوێن، نابێت. ژیانی ئاســوودە و ســاغڵەم و ژینگەی خاوێن لە دابینکردن و باشترکردنی ئەم بوارانەوە دێنە دی.

*آ- باری ئابووری:*

دەوڵەت دەبێت پێداویســتییە ســەرەکی و بنەڕەتییەکانــی گشــت هاووڵاتیــان، وەک (مووچــەی بێکاری و خانەنشــینی و پەککەوتەیــی، خانــوو و شــوێنی نیشــتەجێبوون، دەرمان و چارەسەری نەخۆشــی، دەرفەتــی کار و خوێندن بۆ هەمــووان) دابین بکات، تا گشــت باوان بتوانــن منداڵەکانیان بنێرنە بەر خوێندن



خوێندکارانی پۆلێکی کوردستان (بە کامێرای جەمال پێنجوێنی)

و توانای دابینکردنی پێداویستییەکانی خوێندنیان هەبێت، ئیدی دەوڵەت مافی ئەوەی هەیە کە بەپێی یاسا سزای باوان و سەرپەرشتکاران بدات، گەر ببنە ڕێگری فێربوونی منداڵەکانیان.

*ب ـ لەشساغی و ژینگەی خاوێن:*

لەشساغی و ژینگەی خاوێن، مەرجی سەرەکی و بنەڕەتی درێژەپێدانی پرۆسەی خوێندنن.

دابینکردنی مەرج و پێداویستییەکانی لەشساغیی منداڵان، لە ئەستۆی دەوڵەتدایە، ئەویش لە ڕێگەی دابینکردنی دەرمان و ڤاکسین دژی نەخۆشییە کوشندەکان. ڕێنماییکردن و چاودێریکردنی ژنانی سکپڕ، ڕێنماییکردنی هەر ژن و مێردێک، کە دەیانەوێت ببن بە باوان و ناردنیان بۆ کۆرسی ئیجباری بۆ فێرکردن و ڕاهێنانیان بۆ بوون بە باوان و بەخێوکردنی منداڵ!


(گەرچی تا ئێستا نەمبیستووە هیچ دەوڵەتێک ئەم کارەی کردبێت، بەڵام گرنگە کە گشت ژن و مێردێک بە ئەرکی گرنگ و سەختی بوون بە باوان ئاشنا بکرێن و مەرجەکانی باوانبوونیان تێدا بێت، بێگومان ئەو مەرجانەش دەبێت شارەزایانی زانستی دەروون و پزیشکی تایبەتکاری ئەو بوارە و یاساناسان، دایانبڕێژن. لە گشت وڵاتانی دنیادا یاسایەک هەیە بۆ هاوسەرێتی، بەڵام هیچ یاسایەکی تایبەت بۆ بوون بە باوان، نییە. ئەمە بانگاشەکردن نییە بۆ دەستواڵاکردنی دەوڵەت تا دەست بخاتە گشت وردەکاریی ژیانی هاووڵاتییانەوە، بەڵام ئەمڕۆکە ـ بۆ نموونە لە نەرویج ـ بۆ ئەوەی لە بارێکدا، یان ڕێستۆرانێکدا کار بکەیت، دەبێت کۆرسێکت لەو بوارانەدا بینیبێت بەڵام بۆ ئەوەی ببیت بە دایک یان باوکی منداڵێک، هیچ پێشمەرجێک لە ئارادا نییە!

ڕێنماییەکانی خۆپاراستن لە نەخۆشی و پاکوخاوێنی ڕاگرتن دەبێت لە هەموو بوارەکانی ڕاگەیاندن و ئاگادارکردنەوە بگاتە دەست هاووڵاتییان. دابینکردنی ژەمەخواردنێک لە گشت قۆناغەکانی خوێندندا، هەر ئەرکی دەوڵەتە لە ڕێگەی وەزارەتی پەروەردەوە دابینی بکات. دەوڵەت دەبێت لەو ڕوانگەیەوە کار بۆ لەشساغیی منداڵان بکات، کە لەشبەباری، یان مردنی هەر منداڵێک، مانای لەدەستدانی کەسێک و هێزێکی بەرهەمهێنە لە داهاتوودا. دیسان دەوڵەت دەبێت لەو فاکتەشەوە کار بۆ دابینکردنی لەش ساغی بکات، کە کۆی تێچوونی پەرەستاریی کەسێکی ناساغ و لەشبەبار، هەزار بەرابەر لە دابینکردنی ڤاکسین و دەرمانی دژ بە نەخۆشییە کوشندەکان گرانتری تێدەچێت.

لە خوێندنگادا دەبێت بەتەواوی مەرجەکانی لەشساغی و خاوێنی دابین بکرێن وەک، هەبوونی ئاوی پاک (گەرم و سارد) ئاودەستی خاوێن، سابون و دەستەسڕی کاغەز. هەواگۆڕکێی بەردەوام، ڕووناکیی لەبار. ئەمانە گشت، کەشێکی گونجاو بۆ منداڵ و خوێندکار دەخوڵقێنێت، کە لە خوێندنگا جاڕس نەبێت. دیسان ئامادەبوونی (سستەر- پەرستار) لە گشت خوێندنگا و فێرگەیەکدا، بەدرێژایی کاتی دەوام، مەرجێکی دیکەیە بۆ دابینکردنی سەلامەتیی جەستەیی و دەروونی منداڵان و خوێندکاران.

پاراستن و خاوێنڕاگرتنی ژینگە، مەرجی گرنگن بۆ لەشساغی و جوانیبەخشین بە ژیان.

ئەرکی پاراستنی ژینگە، بە شێوەیەکی سەرەکی دەکەوێتە سەر شانی دەوڵەت. دەوڵەتیش بۆ کاراکردنی هاووڵاتییان و




كەریم مستەفا لە كاتی وانەوتنەوەدا

بەشداركردنیان لەم كارەدا، دەبێت یاسای پاراستنی ژینگە ساز بكات و چاودێریی پەیڕەوكردنیشی بكات. لە گشت بوارەكانی ڕاگەیاندنەوە زانیاری دەربارەی چۆنیەتیی پاراستنی ژینگە و مەرجەكانی، بە هاووڵاتییان بگەیێنێت و هۆكارەكانی پاكڕاگرتنیش دابین بكات وەک بنكەكانی پاككردنەوەی چڵكاو، شوێنی تایبەت بۆ فڕێدانی ئامێری لەكاركەوتوو، دەستگا و بنكەی دووبارە بەكارهێنانەوە، شوێنی تایبەت بۆ فڕێدانی زبڵ و دیاریكردنی ئەو شوێنانە بە تابلۆی تایبەت و سزای گونجاویشی بۆ سەرپێچیكار، چ تاكەكەس، یان كۆمپانیا و ڕێكخراو، یان هەر دەستگایەكی دەوڵەتی بێت.

*ج ـ باری كۆمەڵایەتی:*

بە گووتەی (تۆماس هۆببس) «مرۆڤ بە سروشتی خۆویستە و ئازادیی خۆی لە كۆیلەیێتیی دیگەراندا دەبینێت» بۆ جڵەوگرتنی ئەم ویستە، چەند پێشمەرجێک هەن وەک، فێربوون و دووبارەكردنەوەی زمانی هاوبەش، پەیڕەوكردن و لەكۆتاییشدا باوەڕهێنان بە داب و نەریت و بەها ڕەوشتییەكانی كۆمەڵ و نیشاندانی هاوسۆزی و بەتەنگەوەهاتنی كۆمەڵ بۆ تاک لە ڕێگەی دامەزراوەكانیەوە.

ئەمانە دەبنە هۆكارێک بۆ كەمكردنەوەی ئەو خۆویستییە و فەراهەمكردنی ئەندێشەی كۆویستی.

ئاشكرایە، هەر كۆمەڵگایەک میكانیزمگەلێكی بۆ مانەوە و زیندووڕاگرتنی بەها ڕەوشتی و نەریتییەكانی خۆی پەرەپێداوە و هەوڵ دەدات بیانگەیێنێتە نەوەكانی داهاتوو. ئالێرەدا پرۆسەی پەروەردە و فێركردن، دەكەوێتە خزمەت ئەم «دەور و تەسلیمە» كۆمەڵایەتییەوە. جابۆیە گرنگە كە پسپۆڕانی پەروەردە و فێركردن، بە شێوەیەكی ئاكادیمی، بەها ڕەوشتی و كۆمەڵایەتییەكان لە پرۆسەی پەروەردە و فێركردندا جێگە بكەنەوە. دیسان ئەوەش گرنگە كە ئەو بەهایانە بە بیروبۆچوونی نوێ و بەهای مرۆڤانەی هاوبەش متوربە بكرێن، تا مندال و خوێندكار بە بیرۆكەی (هاوجیهانی) و بەشێكی دانەبڕاو لە جیهان، ڕابهێنن. دەكرێت ئەم هەنگاوانە لەم چەند خاڵەدا چڕ بكەینەوە:

ـــ ڕێزگرتن لە مرۆڤ و قبوڵكردنی جیاوازیی بیروبۆچوون.

ـــ فێركردن و ڕاهێنانیان بەوەی كە مرۆڤ بە جیاوازیی ڕەنگی پێست، زمان، ئایین، كولتوور، شوێنی نیشتەجێبوون، دابونەریت، جلوبەرگ، ئاستی زانستی، كاروپیشە و هەژاری و دەوڵەمەندییەوە، لە خاڵێكدا كە مرۆڤبوونە، هاوبەشن.

ـــ ئاشناكردن و ڕاهێنانیان بە بیركردنەوە و لە خەمی مرۆڤایەتیدا بوون و بەتەنگەوەهاتن و یارمەتیدانی هەر مرۆڤێک، یان گرووپە مرۆڤێک، لە كاتی تەنگانەدا لە هەر شوێنێكی ئەم جیهانەدا.

ـــ فێركردنیان بە بڕوای یەكسانی و بەهای مرۆڤانەی ژن و پیاو (نێرومێ).

ـــ فێركردنیان بە ڕێزگرتن لە هەر كاروپیشەیەک، كە هەر كاروپیشەیەک لە هەر ئاستێكدا بێت، گرنگیی خۆی هەیە و بۆ كۆمەڵگا گرنگە و دەبێت كەسێک ئەو كارە ئەنجام بدات.

ـــ فێركردن و ڕاهێنانیان بۆ پاكڕاگرتن و پاراستنی ژینگە و سروشت. ئەم پلانێتە (هەسارەیە) ماڵی گشت مرۆڤ و زیندەوەرێكە، بەڵام ئەركی پاراستن و پاكڕاگرتنی دەكەوێتە سەر شانی مرۆڤ.

ـــ فێركردنیان بەوەی ڕێزی بۆنە و جەژنە كولتووری، نیشتمانی، نەتەوەیی و ئاینییەكانی ناوخۆ و جیهانییەكان

بگرن، یان لانی کەم لە هەمبەریاندا بێلایەن (نۆیترال) بن، گەرچی ئەو جەژن و بۆنانە لەگەڵ بیروبۆچوون، دابونەریت و ئایین و بڕوای ئەوانیشدا نەگونجێن.

*د ـ ئایین*

مێژووی ئایین هێندەی مێژووی بیرکردنەوە کۆنە. بۆ بەرسڤی پرسیارگەلێ لە بوونی خۆی، جیهان و دیاردەکانی سروشت. هەبوون یان نەبوونی خوڵقێنەر و جوڵێنەری ئەم جیهان و دیاردانە، پەنای بۆ ئایین بردووە و لەو ڕێگەیەوە هەوڵی پەیداکردنی ئەو بەرسڤانەی داوە. ئیدی ئایین بووە بە مۆرێک و لە تەوێڵی گشت کولتوور و شارستانیەتییەک دراوە.

بەکورتی، هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەم دیاردە گشتگرەدا، هەرا و کارێکی ئاسان نییە و بەئاسانییش کاریگەرییەکەی لەسەر تاک و کۆمەڵ، ناسڕێتەوە، بۆیە دەبێت زۆر ژیرانە مامەڵەی لە تەکدا بکرێت.

ئاشکرایە تێڕوانینە ئایینییەکان، بەپێی زەمین و زەمان و گۆڕانکارە ئابووری و سیاسییەکان، گۆڕانیان بەسەردا هاتووە و دێت. دیسان ئاشکراشە کە پسپۆڕان و داڕێژەرانی پرۆگرامەکانی پەروەردە و فێرکردن، لە کاریگەریەتیی ئایین بەدەر نین، جابۆیە دەبێت گشت ئایینەکان، چ ئەوانەی لەسەر بنەمای یەکخودایی، فرەخودایی، بێخودایی، یان سروشتپەرستی و ڕیتواڵی داڕێژراون، لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، وەک یەک و بە یەک قەبارە، جێگەیان بۆ بکرێتەوە. چونکە لەو ڕێگەیەوە منداڵ بە بیروباوەڕی جۆراوجۆر ئاشنا دەبێت و دەمارگیری و توندڕەویی ئایینی تێدا پەرە ناستێنێت.

## ٣ـ بینا و کەلوپەل ـ پێداویستی

بینا ڕۆڵێکی زۆر گرنگی لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و خوێندندا، هەیە. بێ هەبوونی بینای خوێندنگای مۆدێرن، کە جوابگۆی پێداویستییەکانی پەروەردەی مۆدێرن بێت، بەبێ هەبوونی خانوو، یان شوێنی نیشتەجێبوونی خوێندکار و خێزانەکەی، بەبێ هەبوونی بینای مۆدێرن و گونجاو بۆ گشت دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵگای شارستانی، مەحاڵە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، بتوانێت ئامانجی خۆی بپێکێت.

*ا ـ خانوو، ماڵ (ماڵی خوێندکار)*

وەک مەرجی سەرەکیی لەش و دەروون ساغی، دەبێت منداڵ، خوێندکار، لە خانە و ماڵێکی شایستە بە مرۆڤدا بژی و گشت مەرجەکانی ژیان و لەشساغی، لەو خانە و ماڵەدا هەبێت. وەک ئاوی پاک، ڕووناکی و تیشکی خۆر، هەوای پاک (سیستەمی هەواگۆڕکێ)، گونجاویی پلەی گەرمیی ماڵەکە لەگەڵ کەشوهەوای ناوچەکە و وەرزەکانی ساڵ، فراوانی ڕووبەری ماڵەکە و هەبوونی ژووری تایبەتی بۆ منداڵەکە، هەروەها هەبوونی کەرەسە و کەلوپەل و پێداویستییەکانی ژیان و ژیان ئاسانکردن.

لە خانە و ماڵێکی گونجاودا، منداڵ هەم زەوقی خوێندنی دەبێت و هەم کەشێکی گونجاویشی بۆ کۆششکردن بۆ دەڕخسێت.

*ب ـ خوێندنگا و فێرگە*

پرۆسەیەکی مۆدێرنی پەروەردە و فێرکردن و خوێندن، لە خوێندنگە و فێرگەیەکی مۆدێرندا پیادە دەکرێت. مەرجی سەرەکیی خوێندنگەی مۆدێرن:

ـ دەبێت نزیک بێت لە شوێنی نیشتەجێبوونی منداڵ، قوتابی.

ـ دەبێت دوور بێت لە کارگە و شوێنی بەرهەمهێنان (بەتایبەتی بەرهەمی کیمیاوی و مەترسیدار) و هەروەها دوور بێت لە جادەی سەرەکی (مۆتۆروەی، هایوەی).

ـ فراوانیی پۆلەکان (دەبێت هەر قوتابییەک دوو مەتری چوارگۆشە- دووجای، ڕووبەر بەر بکەوێت).

ـ هەبوونی هۆڵی وەرزش و گۆڕەپانی وەرزش، باخ و حەوشە و هۆڵی مەلە (گەر لە خوێندنگەکەشدا نەبێت، دەبێت لەنزیکیەوە هەبێت).

ـ هەبوونی چەند ژووری دیکە بۆ خوێندنی تایبەتی و یارمەتیدانی ئەو منداڵانەی پێویستییان بە خوێندنی تایبەت هەیە، هەبوونی چەند ژوورێکی تایبەت بۆ کارکردنی مامۆستاکان.

ـ هەبوونی کتێبخانە، تاقیگە، وەرشەی کارکردن و هۆڵی کۆمپیوتەر و گرێدراو بە تۆڕی ئینتەرنێتەوە.

ـ دەبێت گشت مەرجەکانی لەشساغی و پاکوخاوێنی و دەروونئاسوودەکردنی تێدا بێت، وەک (هەواگۆڕکێ، گونجاندنی پلەی گەرما، ئاوی پاک ـ گەرم و سارد ـ تەوالێت بەگوێرەی تەمەنی منداڵ و حەمام ـ دوش و سابون و دەستەسڕی کاغەز، بڕی تیشکی خۆر و ڕووناکی، ڕەنگی هێمن و سارد، پەنجەرەی گەورە، دەبێت هەموو پۆل و شوێنێکی دیکەی ئەو بینایە، لەبار بێت بۆ ئەوەی کەسانی هاندیکاپ، چ قوتابی و چ مامۆستا، بتوانن کەڵکی لێ وەربگرن (سەرخەر ـ ئەلیڤەتەر)ی تێدا بێت.

ـ دەبێت ئەو بینایانە وا دروست بکرێن، کە لە کاتی ڕوودانی کارەساتی سروشتی و ڕووداوی دیکەدا، بەئاسانی کەسانی ناوی ڕزگار بکرێن و بگوازرێنەوە.

هەبوونی ئەم مەرجانە، بۆ پیادەکردنی پرۆسەی پەروەردەیی مۆدێرن و جاڕسنەبوونی منداڵان لە خوێندن، زۆر گرنگن.


*ج ـ کەلوپەل و پێداویستی و هۆکارەکانی فێرکردن.*

پرۆسەیەکی پەروەردەیی مۆدێرن و خوێندنگەی مۆدێرن، بێگومان پێوستی بە کەلوپەل و هۆکاری فێرکردنی نوێ هەیە. دەستگا و ئامێرە نوێیەکانی سەردەمی (دیجتاڵ) پرۆسەی فێرکردن ئاسانتر دەکەن و منداڵ زیاتر هان دەدەن تا عەوداڵی دۆزینەوەی نهێنییەکانی ئەو ئامێر و دەستگایانەش بێت.

هەبوون و بەکارهێنانی تەلەڤزیۆن، ڤیدیۆماشێن، (د.ڤ.د.) و (س.د.) پلەیەر، کامێرای ڤیدیۆ، کامێرای فۆتۆگراف، کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت، دەستگای ئۆڤەرهێد و کۆپیماشێن. نەخشەی نوێ و جۆراوجۆر، گشتیان کارئاسانی لە پرۆسەی فێرکردندا دەکەن.

*د ـ ڕێگا و هاتوچۆ*

ئەو ڕێگە و جادەیەی کە خوێندنگە و شوێنی نیشتەجێبوونی منداڵ، قوتابی پێک دەگەیێنێت، دەبێت ڕێگەیەکی بێ مەترسی و (ئارام بێت) و لە کاتی هاتن بۆ خوێندنگە و گەڕانەوە بۆ ماڵ، منداڵان تووشی هیچ ڕووداوێک نەبن و باوانیشیان نیگەران نەبن. گەر هەڵکەوتەی بینای خوێندنگەکە وا بێت کە پەڕینەوەی تێدا بێت، دەبێت شوێنی پەڕینەوەکان زۆر بەئاشکرایی دیار بن و تابلۆ و (تاسەی یاسایی) لەسەر ڕێگەکە هەبێت. لە کاتی دەستپێک و کۆتایی دەوامدا، چەند مامۆستایەک، یان چەند پاسەوانێک، سەرپەرشتی پەڕینەوە و هاتوچۆ بکەن. گەر خوێندنگە ماوەیەکی دیاریکراو لە شوێنی نیشتەجێبوونی منداڵەکان، قوتابییەکان دوور بێت

چەند خوێندکارێک لە خوێندنگەیەکی کوردستان لە کاتی تاقیکردنەوەدا

(زیاتر لە ٣ کم)، ئەوا دەبێت منداڵەکان، بە هۆکاری گواستنەوە بگەیێنرێنە خوێندنگە و دوای دەوامیش، بگەیێنرێنە ماڵەوە، یان نزیک ماڵەکەی خۆیان. بێگومان دەبێت بۆ مامۆستا و کارمەندانی خوێندنگەش بە هەمان شێوە بێت.

## ٤ــ بەرنامە و پرۆگرامی پەروەردە و فێرکردن

پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و خوێندن، بەبێ بەرنامەیەکی داڕێژراو و وەڵامگۆی گۆڕانکاری و پێداویستییەکانی سەردەم، ناچێت بەڕێوە.

*ا- بەرنامەی پەروەردەکردن*

ئامانجی سەرەکیی پەروەردەکردن ئەوەیە، منداڵان، قوتابییان، بە بەها و ئایدیاڵ و ئامانجەکانی ناو کۆمەڵ و سەرجەم مرۆڤایەتی ئاشنا بکات. گرنگترین و سەرەکیترین خاڵی ئەو بەرنامەیە دەبێت ڕێزگرتن بێت لە مرۆڤەکان و سنووری جەستەیان، بەهەندوەرگرتنی ئەو بیروبۆچوون و بەهایانەی کە بڕوایان پێیەتی، گەرچی لەگەڵ بیروبۆچوونی ئەویشدا دژ و ناکۆک بن. ئاشناکردنی منداڵ، قوتابی بە کولتوور، مێژوو، بەها کۆمەڵایەتییەکان، بەها مرۆییە هاوبەشەکان و ڕاهێنانیان بە هاوسۆزی بۆ مرۆڤ. بەم شێوەیە ئامادە دەبن و بە پرینسیپەکانی کۆمەڵگەی دیموکراتی ئاشنا دەبن.

*ب - بەرنامەی فێرکردن*

بەرنامەی فێرکردن، لەدوای بەرنامەی پەروەردەکردن، گرنگترین پایەی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە.
مەبەست لەم بەرنامەیە، داڕشتنی بەرنامە و پرۆگرامێکە، ڕەنگدانەوەی پێشکەوتن و گۆڕانکارییەکانی سەردەم بێت و توانا و ئەندێشەی منداڵیش لەبەر چاو بگرێت و دەرفەتی ئەوەش بدات بە مامۆستا و خوێندنگە، تا منداڵ بە مێتودی بیرکردنەوە و ڕامان، هەڵسەنگاندن، بەدواداگەڕان، نەک ئەزبەرکردن و گوتنەوە، ڕابهێنن.
ئامانج لەم بەرنامە و مێتۆدە، مەشقپێکردن و ڕاهێنانی منداڵ، قوتابی، خوێندکارە بۆ ئامادەکردنیان لە ماوەی ١٢ تا ١٦ ساڵدا و پەیوەستکردنیان بە هێزی کار و بەرهەمهێنان و داهێنانەوە. هەر بەرنامەیەکی فێرکردن و خوێندن توانایە مرۆیی و سروشتییەکان و پێداویستییەکانی بازاڕی کار و بەرهەم، چ ناوخۆیی و چ جیهانی، لەبەر چاو نەگرێت و لەلایەن پسپۆڕانی ئەو بوارانەوە، ڕێنمایی نەکرێت، نابێتە بەرنامەیەکی کاریگەر.

*ج - بەرنامەی خوێندن*

ئەم بەشەی بەرنامەکە، بریتییە لە نوێکردنەوەی کتێبەکانی قۆناغەکانی خوێندن، لەگەڵ ڕوودانی هەر گۆڕانکارییەک، چ لەناو وڵات، چ لە جیهاندا، لەسەر ئاستەکانی زانستی و تەکنەلۆجی (بە هەموو بەشەکانیەوە) کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری، مێژوویی، هونەری و فەلسەفی.
دەبێت منداڵ، قوتابی، خوێندکار، هەردەم لەو گۆڕانکارییانە ئاگادار بکرێنەوە. گرنگیی ئەمەش دیسان بۆ ئامادەکردنی هێزی کار و بەرهەمهێنان و دۆزینەوەی بازاڕە.

*د- بەرنامەی دیموکراتیزەکردن و هۆشیارکردنەوە*

ئەم بەرنامەیەش پایەیەکی گرنگی دیکەی پرۆسەکەیە. گونجاندنی بەها دیموکراتییەکان لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، بناغەی بنیاتنان و گەشەپێدانی کۆمەڵگەی سیڤیل و دیموکراتە.
ڕاهێنانی منداڵ، بەوەی ڕێز لە سنووری جەستە و بیروبۆچوونی کەسانی دیکە بگرێت و دەرک بە هەست و سۆزیان بکات، ئامادەکردنی کەسێکە دید و حەز و ئارەزووە جیاوازییەکانی قبووڵ بێت و لە کاتی پێشهاتی گرفت و ناکۆکیدا، پەیڤ، نەک هێز، بۆ یەکلاکردنەوە و چارەسەر بە کار بهێنێت.
هوشیارکردنەوەش لە هەمان ئاستی گرنگیدایە، لەم ڕێگەیەوە منداڵ بەتواناکانی خۆی ئاشنا دەکرێت و هەوڵ دەدرێت کەسێکی نەترسی باوەڕبەخۆبوو بێت و توانای (چەلێنج ــ تەحەدی) تێدا بێت، ئەمانەش لە ڕێگەی بەرپرسیارێتیی پێدانەوە، هەر لە چاودێریی پۆلەوە، تا سازکردنی چالاکیی پۆل و ئاهەنگی بۆنەکانی ساڵ، گەشتی پۆل و خوێندنگە بۆ دارستان و چیا، سەردانی شاران و وڵاتان، تا دەگاتە بەشداربوون لە ئەنجوومەنی خوێندنگەدا. لەپاڵیشدا ئاشناکردنیان بە دید و بیروبۆچوونی فەیلەسوفان و بیریارانی جیهان لە ڕێگەی وانەی فەلسەفەوە (لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنی مۆدێرندا، مەرجە وانەی فەلسەفە، بە مەبەستی ئاشنابوون لەگەڵ دید و بیروڕای جۆراوجۆردا، لە هەموو قۆناغەکانی خوێندندا هەبێت.)
(بەگوێرەی گوتەی ئەو بەڕێزە) گەر تا ئێرە بەشە فەنتازیاکەی (خەیاڵییەکەی) پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بێت، ئێستا بەشە مێتافیزکەکەی (ئەودیو سروشت)یەکەی پرۆسەکە لە باشووری کوردستاندا (بەپێی هەندێ دۆکیومێنت



خوێندکارانی خوێندنگەیەکی کوردستان لە کاتی پشکنینی پاکوخاوێنیدا (کامێرای جەماڵ پێنجوێنی)

و ئەوەی کە خۆم لەو سەردانەدا بینیم و ماوەی سێ ساڵ سەرقاڵبوونم بە پرۆژەی «ئاسترید لیندەگرین»ەوە، لە گوندی کەندەکەوە) دەخەمە ڕوو.

## ا- مرۆڤ

لە پرۆسەی (بەناو) پەروەردە و فێرکردندا، لە باشووری کوردستاندا (وەک بەشێک لە عیراق، لە ڕابوردوودا و دوای ١٥ ساڵ لە سەربەخۆیی) گرنگترین توخمی پرۆسەکە، کە مرۆڤە، هەرگیز ئەو گرنگییەی پێ نەدراوە و نەبۆتە ئامانج لە بەرنامە و پرۆگرامەکانی پرۆسەکەدا!

## منداڵ، قوتابی، خوێندکار

توخمی سەرەکیی پرۆسەکە، دەتوانم بڵێم هیچ حسابێک بۆ هەست، سۆز و باری دەروونی لە تێکستەکان و کتێبەکانی خوێندندا و لە گشت قۆناغەکاندا، نەکراوە. تەنها ئامانج ئەوە بووە کە هەندێ تێکستی ئامادەکراوی بخرێتە مێشکەوە. ئیدی هیچ باسێک لە ڕێزگرتنی سنووری جەستە و هەست و سۆز و بیروبۆچوونی کەسانی بەرانبەر، هەر نییە، کە وابوو هەنگاوی سەرەتایی بنیاتنانی کۆمەڵگەی دیموکراتی، لە ئارادا نییە.

(لە پایزی ساڵی ٢٠٠٤دا وەزارەتی پەروەردەی ئیدارەی سلێمانی، بە نیازی هەڵسەنگاندنی بارودۆخی پەروەردە و خوێندن و کارکردن بۆ باشترکردنی، داوای لە چەند کاربەدەست و پسپۆڕی پەروەردە کردبوو تا ڕاپۆرتێک ساز بکەن، ئەوانیش ڕاپۆرتێکی ٥٠ لاپەڕەییان نووسیبوو، بە یەک تاکە وشە باس لە منداڵ، قوتابی، خوێندکار نەکرابوو، وەک ئەوەی ئەوان بەشێک نەبن لە پرۆسەکە، تەنها کێشەی زەویدابەشکردن و دەرماڵە و گواستنەوە لە لادێوە بۆ شار باس کرابوو.)

مامۆستا داینەمۆی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، ئەم مرۆڤە کە منداڵ، قوتابی و خوێندکار بووە، بە هەمان پرۆسەی سەقەتدا ڕۆیشتووە و هیچ پرنسیپێکی دیموکراتی فێر نەکراوە، بۆیە هیچ ڕێزێک بۆ سنووری جەستەی منداڵ، قوتابی، خوێندکار دانانێت. گەرچی بەپێی یاسایەک، لێدان قەدەغە کراوە، بەڵام بەدەگمەن مامۆستایەک دەبینیتەوە ڕێز لەو بڕیارە بگرێت.

کار هەر بە دارلێدانەوە ناوەستێت و هەندێ جار دەگاتە دەست و پێ شکاندنی منداڵان و خوێنکاران و بگرە دەمانچەش بە کار دەهێنن. ئەمە دیدی مامۆستایەکە کە خۆی دەڵێت ٣١ ساڵە مامۆستایە و ئێستا عەمیدی پەیمانگای تەکنیکی کەلارە (یونس سادق ساڵەیی): «من وەختی خۆی بە دار و شەق هەڵسوکەوتم لەگەڵ کراوە، ئێستا ناتوانم بچم لە نادی قوتابییان دابنیشم و داوای جگەرەیان لێ بکەم.» [ئاوێنە، ژمارە ١٩، ٢٠٠٦/٥/١٥، ل١٥]

مانای ئەمە تەنها بەرهەمهێنانەوەی هەمان مێتۆد و دیدگای پاشڤەڕۆ و نەپساندنی تۆڕی دواکەوتوویە. لەوە دەچێت زۆرینەی مامۆستایان گرنگیدان بە باری دەروونیی خوێندکار و

باشترکردنی خوێندنگەیان بەلاوە گرنگ نەبێت، گەرچی باشترکردنی شوێنی کار، یەکێکە لە داوا سەرەکییەکانی کارمەندان، کەچی ئەم یاداشتەی کە زیاد لە ٨٠٠٠ مامۆستا ئیمزایان کردووە و ڕۆژی ٢٠٠٦/٥/١٥ داویانەتە سەرۆکایەتیی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان، داواکارییەکانیان لەم سێ خاڵەدا چڕ کردۆتەوە، بڕوانە و بزانە، شوێنی کار، کە لەم حاڵەتەدا خوێندنگە و فێرگەیە، هیچ بەلایانەوە گرنگ نییە، دەنا دەیانخستە ڕیزی خاڵەکانەوە.

- زیادکردنی مووچە
- گەڕانەوەی دەرماڵە (موخەسەسات)
— شوقەی نیشتەجێکردن بۆ مامۆستایان

[هەفتەنامەی ئاوێنە، ژمارە، ١٩، ٢٠٠٦/٥/١٦ ، ل٢]

ڕاستە مامۆستایان وەک هەر توێژێکی دیکەی کارمەندان، مافی خۆیانە داوای مووچەی زیاتر و دەستکەوتی باشتر لە حکوومەت بکەن، ئەدی فێرگە، خوێندنگە، منداڵ و خوێندکار، ئەوانە گشتیان بەشێک نین لە ئەرکە پیشەیی و مۆراڵییەکانی مامۆستا؟

## باوان

بەپێی ئامارێک کە وەزارەتی پلاندانانی عێراق ئەنجامیداوە و لە ڕۆژنامەی (ئەلشەرق ئەلئەوسەت، ٢٠٠٥/٨/١٧) بڵاو کراوەتەوە، نزیکەی ٤٥٪ خەڵکی عێراق نەخوێندەوارن. بێگومان گەر ئەم ڕێژەیە لە باشووری کوردستاندا زۆرتر نەبێت، ئەوا کەمتریش نییە. (دیسان بڕوانە ڕاپۆرتی یونیسێف، دەربارەی بارودۆخی خوێندن لە وڵاتە ئیسلامییەکاندا، لە ڕۆژی ٢٠٠٥/٩/٢٤ دا لە ئەلشەرق ئەلئەوسەت) لە کۆمەڵگەیەکی ئاوهادا، بۆ باوان گرنگ نییە گوێ بە فێربوونی منداڵەکانیان بدەن و لە پرۆسەکەدا بەشدار بن. کێشەکە لەوەدایە، کە زۆرینەی باوانی خوێندەواریش، دیسان بۆیان گرنگ نییە تا کۆتایی پرۆسەکە بەردەوام بن و تەنها بە ئەرکی مامۆستا و خوێندنگەی دەزانن. با گووتەی دایکێک بکەین بە نموونە، کە چۆن کۆڵی داوە لەوەی منداڵەکەی بە شێوەیەکی نموونەیی پەروەردە بکات، لە ڕیپۆرتاژێکدا لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، ل٥ ڕۆژی ٢٠٠٦/٥/٢٩ بڵاوکراوەتەوە، نووسراوە (سروە ئەو دایکەی باسی لە هەوڵە بێهودەکانی دەکرد لەگەڵ منداڵەکەیدا «تا منداڵەکەم نەچوبووە خوێندنگە تەواوی هەڵسوکەتەکانی بەو جۆرە بوو کە دەمویست، بەڵام لەگەڵ چووە دەرەوە و تێکەڵاوی کۆمەڵگە بوو هەموو شتەکانی لێگۆڕا «دواتر لە ڕاپۆرتەکەدا نووسراوە «ڕەنگە هەر ئەمە وایکردبێ کە چیتر سروە منداڵەکانی بەو شێوە نموونەیە پەروەردە نەکات.»)

جگە لەمانەش نە یاسا و ڕێساکان ڕۆڵ و ئەرکی باوانیان لە پرۆسەکەدا دیاری کردووە، نە زۆرینەی بەڕێوەبەر و مامۆستاکانیش ئەو ڕۆڵە گرنگە بە باوان ڕەوا دەبینن. هەر لەو سەردانەمدا بۆ پرۆژەی کەندەکەوە لە ساڵی ٢٠٠٤ دا، کۆبوونەوەیەکمان بۆ باوانی منداڵەکان ساز کرد، لە کۆی ٢٩ منداڵ باوانی ٢٣ یان ئامادە بوون، سەرەتا بەڕێوەبەری خوێندنگەکە کۆبوونەوەکەی کردەوە، یەکسەر کەوتە فەرماندان و لە تەواوی گووتەکانیدا بەنزمسەیرکردنی ئەو مرۆڤانەی تێدا بوو، لەبری ڕێنماییکردنیان. دواتر کە من دەربارەی پرۆژەکە و ئامانجەکانی قسەم بۆ کردن، زۆربەیان گووتیان: «مادام ئێوە لەو وڵاتە دوورەوە هاتوون و کار بۆ منداڵی ئێمە دەکەن، هەرچییەکتان بوێت ئێمە ئامادەین.» دواتر چووینە ناو پۆلەکان و هەر باوک و دایکێک کورسی و مێز و دۆڵابی تایبەت بە منداڵەکەی خۆی بینی، هێندەی دیکە بە پەرۆشتر بوون بۆ پرۆژەکە.


## سیاسەتمەداران

لە ماوەی ١٥ ساڵ سەربەخۆیی باشووری کوردستان و ١٤ ساڵ هەبوونی حکوومەتی کوردیدا، هێشتا گفتوگۆیەکی جدی لەسەر کێشە و گرفتەکانی پەروەردە و فێرکردن لەو بەشەی کوردستاندا نەکراوە. تائێستا پەرلەمانی کوردستان، چ بە دووکوتی و چ بە یەکگرتوویی، بۆ یەک جاریش لە وەزیرێکی پەروەردەیان نەپرسی ئەو هەموو کەموکوورییەی پرۆسە و سیستەمی پەروەردە، هۆیەکەی چییە و بۆ چارەسەر ناکرێت. نەیانپرسی: «ئەرێ جەنابی وەزیر نیوەی ساڵ تێپەڕی و هێشتا کتێب بەسەر قوتابی و خوێندکارادا بەش نەکراوە؟» نەیانپرسی: «ئەرێ بۆچی ڕێژەی دەرچوونی قۆناغەکانی کۆتایی ناوەندی و ئامادەیی لە هیچ شوێنێکی وڵاتدا نەگەیشتە ١١٪؟» نەیانپرسی: «ئەرێ ئەوە سێ ساڵە بەنیازن کۆنفرانسێکی فراوان بۆ چارەسەری کێشەکانی پەروەردە ببەستن بۆ ساز نەبوو؟» نەیانپرسی: «ئەرێ بۆچی ٢٧٪ ی منداڵان ناچنە، یان ناخرێنە بەر خوێندن؟» (ئەم ڕێژەیە بەپێی گووتەی د.بەرهەم، ئەو کاتەی سەرۆکوەزیرانی ئیدارەی سلێمانی بوو.) ئەمانە گەر مانایەک بدەن، تەنها ئەوە دەگەیێنن کە پەروەردە و فێرکردن لەلای پەرلەمان و سیاسەتمەدارانی باشووری کوردستان هیچ بەهایەکی نییە و بەو پێیەش باسکردن لە ئاسایشی نەتەوە و بنیاتنانی کۆمەڵگەی مەدەنی و سەربەخۆیی ئابووری، لە هەموو مانا و بەهایەک بەدەرە. سەیر لەوەدایە پەرلەمانی کوردستان ماوەی شەش مانگ سەرقاڵی یاسای دژەتیرۆر بوون. گەر وا بزانرێت کە تیرۆر و تیرۆریست، تەنها ئایدیۆلۆژیی ڕیزپەڕ و ئیسلامیی توندڕەو بەرهەمی دێنێت، ئەوا هەڵەیەکی خۆکوژییە، لە باشووری کوردستاندا ئەو سیستەمە سەقەتەی پەروەردەیە کە نزیکەی لە گشت بەها و ڕێزێک بۆ مرۆڤ داماڵراوە و هیچ کێشێک بۆ یەکسانیی ژن و پیاو دانانێت و هەر لە سەرەتاوە لە یەکیان دادەبڕێت و دوو دنیای بە یەکتر نامۆیان بۆ دەخوڵقێنێت، ئەو سیستەمەی کە هەموو ڕۆژێک کەسایەتیی منداڵ تێک دەشکێنێت و لە هەموو جوانی و خۆشەویستییەکی بێ بەش دەکات، تیرۆر بەرهەم دێنێت.

## باری ژیان و ژینگە

### باری ئابووری

لە هەر کۆمەڵگەیەکدا جیاوازیی داهات و ئاستی ژیانی دەستەڵاتداران و حاشیەکەیان لەگەڵ خەڵکی ئاساییدا، هێندەی ئاسمان و زەوی بێت، بێشک کۆمەڵگایەکی ناکۆک و نائارام دەبێت. کاتێک کە مووچەی ئەندامپەرلەمانێک ١٠ تا ١٥ هێندەی مامۆستایەک و وەزیرێک ١٥ تا ٢٠ هێندە، سەرۆکوەزیر، سەرکردە و سەرۆک، مەگەر هەر خۆیان بزانن چەند دەدەن بە خۆیان، ئیدی بە پۆل مامۆستا دەبن بە پۆلیس و فێرگەش دەبێت دابخرێت. (٥٤ قوتابخانە خەریکە دادەخرێن و ١٥٠ مامۆستا دەبن بە



چەند خوێندکارێک سەیری یاریی کۆمپیوتەر دەکەن



مامۆستای پۆلێک لە کاتی وانەواتنەوەدا

پۆلیس، کوردستانی نوێ ٢٠٠٥/١٠/٦)، ئیدی ئەو چەرمەسەرییەی کارمەند و زۆرینەی خەڵکی ئاسایی بۆ پەیداکردنی شوێنی نیشتەجێبوون و دابینکردنی پێداویستییە سەرەکییەکانی دیکەی ژیان، بەجارێ بڕستی لە خەڵک بڕیوە و (دەوڵەت/حکوومەت)یش، بە ئەرکی خۆی نازانێت کە بەرنامەی کاریگەر بۆ چارەسەری ئەو کێشانە دابنێت. گەر گووتەکانی ئوستانداری دهۆک وەک نموونە بهێنینەوە، (کێشەی سەرەکیمان نەبوونی کارەبا، بەرزی نرخ لە بازاڕدا، بەرزی ڕێژەی بێکاری بەتایبەت لەنێو گەنجاندا و هاتنی ٣ هەزار خانەوادەی عەرەب لە موسڵەوە، نرخی کرێ خانوویان زۆر بەرز کردۆتەوە. ئەشەرق ئەلئەوسەت ٢٠٠٦/٦/٣) هەولێر و سلێمانیش هەر لە حاڵەتێکی وادان. ئیدی لەم هەموو سەختییەدا، گەورەکان نە دەیانپەرژێت، نە بۆشیان گرنگە منداڵەکان بنێرنە بەر خوێندن.

## ژینگە و بینا

ژینگەی وڵات هەر بەجارێ بەربادە، هەر لە بێشوماریی ئۆتۆمبیل و دووکەڵی (مۆتۆڕی کارەبا) و زبڵ و کیسەی عەلاگە و... کە گشتیان دوژمنی ژینگەن، تا ئاوی پیس و هەزاران تاوانی دیکە دژ بە سروشت دەکرێت و تاکە هەنگاوێکیش بە ئاڕاستەی کەمکردنەوەی زیانەکان نەنراوە، تاکە بنکەیەکی بژارکردنی زبڵ و بەکارهێنانەوەی پاشەڕۆ و خاوێنکردنەوەی ئاوی زێراب، نە بنیات نراوە و نە لەوەش دەچێت لە بەرنامەی حکوومەتدا هەبێت و نە خەمی پەڕلەمانیشە! ئەمە سەرەڕای قەیرانی نیشتەجێبوون و کەمی، یان نەبوونی خانوو، یان لە باشترین حاڵەتدا، زۆرینەی خانە وماڵی باشووری کوردستان، مەرجەکانی لەشساغی تێدا نییە، یان کەمە، هەر لە نەبوون، یان کەمیی ئاوی خاوێن و نەبوونی دەرفەتی هەواگۆڕکێ و تەوالێتی خاوێن و نەگونجاوی پلەی گەرمای ماڵەکان و کەمی یان نەبوونی مەرجەکانی خاوێنی لە شوێنە گشتییەکاندا، هەموو کاریگەرییان بۆ لەشناساغیی گشتی و منداڵان بەتایبەتی هەیە. کاتێک زۆرینەی منداڵان لە ژینگەیەکی نادروستدا دەژین و گەورە دەبن، ئیدی نە زەوقی خوێندنیان دەبێت و نە هێندەش لەشساغ و ئامادەی ئەنجامدانی ڕاهێنان دەبن.

بینای خوێندنگە و قوتابخانە، کەمە، (وەزیری پەروەردەی عیراق بە ڕۆژنامەی ئەلشەرق ئەلئەوسەتی لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٤/٢٧ دا گووتووە: «عیراق پێویستی بە ٥٠٠٠ بینای قوتابخانە هەیە!») بەم پێیە بەشی کوردستان بە کەرکووک و ناوچە داگیرکراوەکانی دیکەوە، دەگاتە ١٥٠٠ بینا. گووتەکانی بورهان محەمەد، بەڕێوەبەری کارگێری و دارایی وەزارەتی پەروەردەی حکوومەتی نوێی کوردستان لە (ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ لە ٢٠٠٦/٥/٢٥دا) سەلمێنەری هەمان بۆچوونە دەڵێت: «لە وەزارەتی پەروەردە، دوو کێشەی سەرەکی هەیە، کەمیی بینای خوێندنگا و پرۆگرامی خوێندن.» لەگەڵ کەمیی بینا، زۆربەیان، گەر نەڵێین گشتیان، بەکەڵک نەماون، هیچ مەرجێکی لەشساغی و خوێندنیان تێدا نییە و بۆ کەسانی هاندیکاپ ناگونجێن. (بڕوانە گازەندەیەک لە کوردستانی نوێ، ڕۆژی ٢٠٠٦/٥/٢٩دا نووسراوە، بینای قوتابخانەی دواناوەندی گردەگۆزینە لە کەلار بەکەڵکی خوێندن نەماوە.) لە درێژەی گازەندەکەدا نووسراوە (لەبەر



خوێندکارانی پۆلێکی خوێندنگەیەکی کوردستان

تەنگی و پیسوپۆخڵی پۆلەکانی، دیمەنی ئەم قوتابخانەیە لە گۆڕستانێک دەچێت. تاقیکردنەوەکان لە گۆڕەپانەکەدا ئەنجام دەدرێت. تائێستا چەندجار ئەو کێشەیە باسکراوە و کەس ئاوڕی لێنەداوەتەوە.) هەر لە کوردستانی نوێدا بەری چەند مانگێک ڕاپۆرتێک دەربارەی خوێندنگاکانی چەمچەماڵ بڵاو کرایەوە. لە ڕاپۆرتەکەدا باس لە نەبوونی تەوالێت لە خوێندنگاکەدا دەکات، گوایە منداڵان لە کاتی پێویستیدا بە ڕاکردن دەچنە ماڵەکانی نزیک خوێندنگەکە. هەر لە هەمان ڕۆژنامەدا، ساڵی ٢٠٠٤ بڵاو کرابووەوە، کە لە گوندێک گەوڕی ئاژەڵ کراوە بە خوێندنگە.

## ڕێگاوبان و هاتوچۆ

لە شارێکی وەک سلێمانیدا، هاتن و چوونی منداڵ و مامۆستا بۆ خوێندنگە، نە سەلامەت و نە ئاسانیشە. لەبەر زۆریی ئۆتۆمۆبیل و پەیڕەونەکردنی ڕێساکانی لێخوڕین لەلایەن زۆرینەی لێخوڕەکانەوە، (باس لە دەستەڵاتداران و مەسئولەکانیش مەکە، کە نەک پەیڕەویی یاسا و ڕێسا بەگشتی و ڕێسای هاتوچۆ بەتایبەتی ناکەن، بەڵکو لە پۆلیسی هاتوچۆش هەڵدەدەن! بەپێی هەواڵێکی هەفتەنامەی هاوڵاتی) نەبوونی هێڵ و نیشانەکانی پەڕینەوە، بەتایبەتی لە نزیک خوێندنگاکان، دیسان کەمیی پاس و نارێکی، یان نەبوونی پلانی گەشتەکان (ئەمە پەیوەندی بە میزاجی شۆفێرەکانەوە هەیە و موسافر ـ نەفەر هیچ مافێکی نییە!)

هەر لەو گەشتەمدا چەند جارێک بە پاسی نەفەرات چووم بۆ کەندەکەوە کە تەنها ١٦کم لە سلێمانییەوە دوورە، هەندێ جار نزیکەی ٢ سەعاتی دەخایاند، بەکورتی هاتن و چوون ٣ سەعاتی دەویست، ئەمە لەحاڵەتێکدا کە تەنها ٤ سەعات دەوام هەیە. جا بۆ شوێنە دوورەکان بارەکە سەختتر دەبێت، بەڵکو ڕێگەوبانیش نییە. هەر بەپێی چەند هەواڵێکی ڕۆژنامەی کوردستانی نوێ، تائێستا چەندەها گوند لە ناوچەکانی قەرەداغ، شارباژێڕ و خەلیفان لەبەر نەبوون، یان خراپیی ڕێگاوبان چۆڵیان کردووە. (١٠ گوندی دۆڵی مەلەکان بەهۆی خراپی ڕێگە و بانەوە، چۆڵیانکرد. کوردستانی نوێ ٢٠٠٦/٥/٢٩). دیسان بڕوانە کوردستانی نوێ ٢٦/٦/ ٢٠٠٥ هاووڵاتیانی گوندی زراوت: لە خزمەتگوزاری بێبەشین) ناوی شەش گوند هاتووە، کە نە خوێندنگە و نە ڕێگەوبانیان هەیە، نە کارەبا. کەندەکەوە، لەسەر جادەی سەرەکیی سلێمانی، تاسڵوجە/کەرکوک، نە پردێک، نە تونێلێک بۆ پەڕینەوە نییە. دانیشتوانی گوندەکە و ئەو مامۆستایانەی لە سلێمانییەوە دەچن بۆ ئەوێ هەموو ڕۆژێک لە پەڕینەوەی ئەو جادەیەدا، لە مەرگ نزیک دەبنەوە (ماوەی سێ هەفتە، خۆم لەو بارودۆخەدا بووم!)

## کەلوپەل و پێداویستی بۆ خوێندن

نزیکەی هیچ ئامراز و هۆکارێک نییە بۆ ڕوونکردنەوە و ئاسانکردن و تێگەیشتن لە وانەکان. بۆ نموونە، نە تەلەڤزیۆن، ڤیدیۆ، نەخشە، کۆمپیتەر، سلاید و هۆکاری دیکە لە پۆلەکاندا، یان هەر لە خوێندنگا و فێرگەکاندا نین، گەر هەشبن کەڵکێکیان لێ نابینرێت.

لە خوێندنگەی سەرەکیی گوندی کەندەکەوە، ٢٠ کۆمپیوتەری تێدا بوو، لە ژوورێکدا زیندانی کرابوون، هەر یەکەشیان سەرپۆشێکیان پێدا درابوو،



چەند خوێندکارێک لە پۆلێکی کوردستاندا

ئەم کۆمپیوتەرانە بۆ بەشی ناوەندی و ئامادەیی خوێندنگەکە بوو، ئەو خوێندنگەیە سەرەتایی و ئامادەییشە، بەڵام بۆ هەموو تەمەنە جیاوازەکانی ئەو قۆناغانە، هەر هەمان کورسی و مێزە (ڕەحلەیە) لە بەڕێوەبەری ئەو بەشەم پرسی: «بۆچی ناهێڵن خوێندکارەکان ئەم کۆمپیوتەرانە بە کار بهێنن؟» گووتی: «ئاخر لە زممە (ئەستۆ)ی مندان و بە ئیمزا وەرمگرتوون، ناوێرم بیخەمە بەردەم تەلەبە. ئینجا مودەڕیب (مەبەستی لە مامۆستای کۆمپیوتەر، یان فێرکەر، بوو) و فەننی (مەبەستی تەکنیککار بوو) نییە چاکیان بکاتەوە.» بەکورتی ٢٠ کۆمپیوتەر بووبوونە ٢٠ پارچە «شتی» بێکەڵک و ژووریکیشیان لە خوێندنگەکەدا گرتبوو.

## بەرنامەی فێرکردن و خوێندن

من ٤٠ ساڵ پێش ئێستا لە پۆلی یەکی سەرەتایی ئەم تێکستەم خوێندووە (دارا دوو داری دی) بەڵام نەمزانی ئایا بە بینینی ئەو دوو دارە، دارا دڵخۆش بوو، نیگەران بوو، ترسا، سەرسام بوو؟ جگە لەوەش پرسیارێک لەو تێکستەدا لە من نەکرا، ئایا منیش دارم بینیوە؟ یان کاتێک دار دەبینم هەست بە چی دەکەم؟ ئایا حەز دەکەم بە سەریدا هەڵگەڕێم؟ بێگومان ئەو جۆرە پرسیارانە منی زیاتر هان دەدا، تا بە تێکست و بەتێکڕای پرۆسەکە زیاتر ئاشنا بم و لێی جاڕس نەبم. ئیدی لێرەوە سەرەتای پەراوێزخستنی منداڵ و کوشتنی هەست و حەزی بەدواداگەڕان و لێوردبوونەوەیە لە پرۆسەکەدا و منداڵیش فێربوون تەنها بە ئەرک دەزانێت و لە ترسی سزا جێبەجێی دەکات. بۆ قۆناغەکانی ناوەندی، ئامادەیی و زانکۆش هەر هەمان ڕێبازە. پرۆسەکە منداڵ، قوتابی و خوێندکار، بە دەستگایەکی ئەزبەرکردن دەزانێت و ئەوانیش پرۆسەکە لە تێکست و ژمارە و هاوکێشە جەبری و کیمیاوییەکاندا دەبینن. لەدوای ٣٨ ساڵ لەو مێژووە و دوای ١٣ ساڵ لە سەربەخۆیی، لە کتێبی خوێندنەوەی کوردی بۆ منداڵانی پۆلی پێنجی سەرەتایی تێکستی (بابە برا چەک هەڵگرن) نووسراوە. نە بە منداڵ دەڵێت، هۆی چەکهەڵگرتنەکە چییە، نە پسپۆڕەکانی پەروەردەش بیریان لەوە کردۆتەوە، کە ئایا ئەو شار و وڵاتە، پێویستی بە چەکداری دیکە هەیە؟
کاتێک دەڵێم لە زانکۆشدا هەر هەمان شێواز پیادە دەکەن، جگە لەوەی خۆم بینیومە وا چەند بەشێکیش لەو گفتوگۆیەی خاتو د. دەنیس ناتالی مامۆستای زانستی ڕامیاری لە زانکۆی سەلاحەدین لەمەڕ ئەم کێشانەوە دەڵێت: «هەوڵ دەدەم خوێندکاران هان بدەم بۆ دەستپێکردنی تۆژینەوە، بیرکردنەوە و گفتوگۆکردن، ئەوە ئاسان نییە، چونکە لە کوردستان خوێندکاران تەنها بە شێوازی لەبەرکردن ڕاهاتوون، کە من دەستم کرد بە کار لێرە، کتێبێکیان دامێ لە ساڵی ١٩٨٢دا دانرابوو. لەڕاستیدا هیچ سەرچاوەیەکی زانستی لەبارەی ڕامیارییەوە نییە، تۆژینەوە زۆر کەمە و زۆربەی مامۆستاکان دەوامێکی ڕۆتینی دەکەن، بەنیسبەت خوێندکارەکانەوە زۆربەیان فێر نەبوون گفتوگۆ بکەن و بە ڕەخنەوە سەیری بابەتەکان بکەن، ئەزانم ئەمە خەتای ئەوان نییە، چونکە لە قوتابخانە تەنها بە لەبەرکردن فێر کراون، وشە بە وشەی کتێبێک، یان قسەی مامۆستا لە بەر بکەن. زۆربەی مامۆستاکانی زانکۆش چاوەڕێی ئەوەن خوێندکار بابەتەکان لە بەر بکەن، بەگشتی لە کوردستاندا کولتووری ڕەخنەگرتن نییە و لێدوانی ڕەخنەگرانەش بە دوژمنایەتی دەزانرێت.» (هەفتەنامەی بەیانی، ژمارە ١٠ ٢٠٠٦/٤/٩). لەگەڵ ئەمەشدا ڕژێمی تاقیکردنەوە بۆ هەموو قۆناغەکان، بەتایبەتی سەرەتایی، هیچ پێوەرێکی زانستیانەی نییە بۆ خەملاندنی



چەند خوێندکارێک لە خوێندنگەیەکی باشووری کوردستاندا (کامێرای ژولی عەدنان)

ئاست و توانای خوێندکار. ئەوەتا هۆمەر قەرەداخی، کە بەڕێوەبەری خوێندنگەیەکە لە ستۆکهۆڵم زیاد لە ١٠٠٠ خوێندکاری تێدایە، لە سایتی کۆمەکدا لە ٢٠٠٥/٨/١ دا نووسیویەتی: (بەکارلۆریا، یان بەرەی جەنگ) باس لە ڕێژەی دەرچوونی قۆناغی خوێندنی ئامادەیی بۆساڵی ٢٠٠٥/٢٠٠٤ دەکات، بەم ڕێژەیە لە هەر سێ شارەکەی ژێر دەستەڵاتی حکوومەتی کوردستان، بەم شێوەیە دەکات، هەولێر ١٢٪، سلێمانی ١١٪ و دهۆک ٩٪ و بە خوێندنگەکەی خۆی بەراوردی دەکات کە هەمان ساڵ ڕێژەی دەرچوونی ٩٠٪ بووە.

مامۆستایەکی بەتوانا و خاوەنئەزموونی وەک جەمال عەبدول لە کوردستانی نوێدا لە ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/٣دا دەنووسێت: (نرخاندن، گوزەری گەشەی فێرکردنە) دواتر بەدرێژی باسی هەڵەی سیستەمی تاقیکردنەوە دەکات و دەنووسێ: «بۆچی و تاکەی، تاوانی بەستنەوەی ژیان و دوارۆژی ڕۆڵەکانمان، بەتەنیا یەک هەلی تاقیکردنەوەی نادروستەوە، کۆتایی نەیەت؟» کاتێک ئەو بەڕێزانە ئەم دێڕانە دەنووسن لە ترس و خەمی کارەسات و تراژیدیای تاکەکەسی و نەتەوەییشدان. ئەوە نییە لە ڕۆژنامەی خەبات، ٢٠٠٦/٥/٧ ، ل٥دا نووسراوە: «دوای کەوتنی لە قوتابخانە، سەربازی ١١ ساڵە خۆی دەسوتێنێت. هاوپۆلەکانی دەڵێن: سەرباز لە ترسی ماڵەوە خۆی سووتاند، چونکە لە ٧ وانە کەوتبوو.»

## ئەنجام

پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن و خوێندن، لە باشووری کوردستاندا، لە ڕێزگرتنی سنووری جەستە و بیروبۆچوون، سۆز، خۆشەویستیی مرۆڤ و سروشت و گشت بەها مرۆیی و جیهانبینی و دێموکراتییەکان داماڵراوە. کارکردن بۆ گەڕاندنەوەی ئەو بەها و ڕەهەندانە بۆ پرۆسەکە ئەرکی نەک تەنها دەستەڵات، بەڵکو گشتمانە. بۆ ئەوەی چیدی تراجیدیا (سەمەرەکان) دووبارە نەبنەوە، تا چیدی، لەسەر تۆپەڵەبەفرێک منداڵێکی دیکە لە هەولێر نەکوژرێت، تا چیدی لە هەڵەبجە مامۆستای پەیمانگا خوێندکار بەر گولله نەدات، تا چیدی خوێندکار لە هۆڵی تاقیکردنەوەدا مامۆستا بەر چەقۆ نەدات، تا چیدی لەسەر کەرێک، لە زڕگوێز، مرۆڤ نەکوژرێت و بریندار نەکرێت، تا چیدی قوتابی و خوێندکار لە ترسی دەرنەچوون خۆیان نەسووتێنن. بەدڵنیاییەوە ئەم نموونانە، مشتێکن لە خەروارێک. بەڵام ئامانج لێیان و لە باسەکە بەگشتی ئەوەیە کە سیستەمی پەروەردە و فێرکردن لە باشووری کوردستاندا لە ئاستەنگ و چەڵەمەیەکی سەختدایە، کارکردن، یان ڕێنماییکردنی زانستیانە و واقیعیانە، لە هەر یەکێک لەو بوارەنەدا کەلێنێک دەگرێت. دیسان مەبەست لەوەیە کە بەتەنها کێشەی پەروەردە گۆڕینی کتێبەکان نییە، بەڵکو چاککردن و گۆڕینی سەرتاپای بوارەکانی دیکەی ژیانە. ڕەنگە گووتەکەی مامۆستا جەمال عەبدول، کە لە هەمان گووتاردا نووسیویەتی، شیاوترین گووتە بێت بۆ کۆتایی ئەم باسە: «گەشەی فێرکردن، دەبێ بەپێی بنەمای دیدێکی نەتەوەیی بێت و بخرێتە چوارچیوەی پێشبڕکێی جیهانیەوە بەو جۆرەی جیهانییانە بیر بکەینەوە و خۆماڵیانە کاری پێ بکەین.» بەیارمەتی مامۆستا جەمال ئەم دەستەواژانەی بۆ زیاد دەکەم، گەشەی فێرکردن دەبێت لەسەر بنەمای ڕێزگرتن لە جەستە، بیروبۆچوون، حەز و ئارەزووی گشت مرۆڤێک بێت. دەبێت لەسەر بنەمای خۆشویستن و پاکڕاگرتنی سروشت و ژینگە بێت. دەبێت لەسەر بنەمای زانست و بیری فەلسەفی و ئەندێشەی ئەدەبی و هونەری بێت.

ئۆسلۆ ٢٠٠٦/٦/٤

# لەبری تاقیکردنەوەی بەکالۆریا


## سروە نوری عەزیز

مامۆستای ئامادەیی - ستۆکهۆڵم


سیستەمی فێرکاری (پەروەردە و خوێندن) دەبێت هەمیشە لەگەڵ پێشکەوتن و گۆڕانی کۆمەڵگادا بگۆڕێت. هەر بەو شێوەیەش کۆمەڵگا دەتوانێت نەوەی خۆی، بۆ بەشداربوون لە کۆمەڵگای سەردەمدا، ئامادە بکات.

لە وڵاتی سوید، هەموو منداڵێک دەبێت دە ساڵ بخوێنێت. قوتابخانەی سەرەتایی نۆ ساڵە. منداڵ لە حەوت ساڵیەوە دەست بە پۆلی یەک دەکات. هەموو منداڵێکی شەش ساڵ دەبێت لە پۆلی سفر (پێش قوتابخانە) دەست پێ بکات. لەم ساڵەدا منداڵان ئامادە دەکرێن بۆ قوتابخانە. لەم پۆلەدا لەسەر بەرنامەی تایبەت بەم قۆناغە، کە لەلایەن پەرلەمانی سویدەوە بڕیاری لەسەر دراوە، منداڵان بۆ ژیانی قوتابخانە ڕادەهێنرێن.

منداڵان، کچ و کوڕ، لە باخچەوە تا تەواوکردنی زانکۆ لە هەموو قۆناغەکاندا تێکەڵاون. بە شێوەیەکی زۆر سروشتی، لە هەمان ژینگەدا پێکەوە گەشە دەکەن و بەرەوپێشەوە دەچن.

لە قۆناغی سەرەتاییدا، لە پۆلی یەکەوە تا پۆلی هەشت (دووی ناوەندی) نمرە نییە، واتە دەرنەچوون لە وانەکاندا نییە؛ بەڵکو مامۆستا، زانست و توانای بەهرەمەندی قوتابی، لە (دیداری گەشەکردن)دا، ساڵی دوو جار لەگەڵ قوتابی و دایکوباوکیدا هەڵدەسەنگێنێت و باسی لێ دەکات.

لە قۆناغی سەرەتاییدا تاقیکردنەوەی میللی لە پۆلەکانی پێنج و نۆ لە زمانی سویدی، ماتماتیک و زمانی ئینگلیزیدا هەیە. مەبەست لە نووسینی تاقیکردنەوەی میللی لە پۆلی پێنجی سەرەتاییدا، زوو دەرککردنە بە ئاستی تێگەیشتن و زانینی منداڵان، چونکە تا زووتر قوتابخانە دەرک بەو کۆسپ و



سروە نوری عەزیز

تەگەرانە بکات کە لە بەردەم گەشەکردنی منداڵاندان، چارەسەرکردنیان ئاسانترە، هەروەها ئەم ئەنجامەش وەک پێوەرێک بۆ بەراورد لە نێوانی قوتابخانەکانی هەموو وڵاتدا بە کار دەهێنرێت. ئەنجامی تاقیکردنەوەی میللی پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە دەرچوون و دەرنەچوونەوە نییە، بەڵکو یارمەتیدەرێکە بۆ مامۆستا لە هەڵسەنگاندنی ئاستی زانیاریی قوتابییەکاندا.

ئاشکرایە کە وەرگرتنی قوتابییان لە پڕۆگرامە (بەشە) جیاوازەکانی ئامادەییدا بەپێی نمرەی پۆلی نۆیانە، واتە سێی ناوەندی؛ بەڵام نمرەی کۆتایی ساڵیان (واتە ئەو نمرانەی کە قوتابییان داوای پڕۆگرامەکانی ئامادەیی پێ دەکەن)، پەیوەندی بە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی هەموو ساڵی خوێندنی نۆیانەوە هەیە. واتە ئەو نمرانەی، قوتابییان داوای پڕۆگرامێکی ئامادەیی پێ دەکەن، ئەو نمرانەیە کە لە ئەنجامی هیلاکی و ماندووبوونی هەموو ساڵی خوێندنەکەدا بە دەستیان هێناوە.

قۆناغی ئامادەیی لە سوید ئارەزوومەندانەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەموو قوتابییەک دەچێتە ئامادەیی. کۆمەڵی سەردەم و بازاڕی کار پێویستی بە کەسانی خوێندەوار و شارەزا هەیە. لە وڵاتێکی وەک سویددا، بێ بوونی بڕوانامەی ئامادەیی، دەستکەوتنی کار زۆر سەختە.

لە ئامادەییدا ١٧ پڕۆگرامی میللی جیاواز هەیە. خوێندنیش لە هەموو پڕۆگرامەکاندا سێ ساڵە. پڕۆگرامی زانستی و وێژەیی تیۆرییە و خوێندکار ئامادەی خوێندنی باڵا دەکات. کۆمەڵێک پڕۆگرامی پیشەییش هەیە کە قوتابییان پاش سێ ساڵی خوێندن ئامادەی بازاڕی کار دەکات، بۆ نموونە پڕۆگرامی کارەبا، پڕۆگرامی بیناسازی، پڕۆگرامی وزە، پڕۆگرامی منداڵ و کاتی ئازاد.

هەروەها لەم پڕۆگرامانەدا (واتە پڕۆگرامە پیشەییەکان)، بوار بۆ خوێندکاران هەیە کە ئەو وانانەی پێویستن بۆ خوێندنی باڵا هەڵبژێرن، بۆ ئەوەی ئەگەر ویستیان، بتوانن لە زانکۆ و پەیمانگاکان بخوێنن.

بۆ ئەوەی قوتابی لە یەکێک لەو پڕۆگرامانەی ئامادەیی وەربگیرێت، دەبێت لە وانەکانی سویدی، ماتماتیک و ئینگلیزیدا نمرەی دەرچوونی هەبێت. ئەگەر قوتابییەک ئەم مەرجەی تێدا نەبوو، ئەوە لە پڕۆگرامێکی تایبەتی، پڕۆگرامی خۆیی یا کەسی وەردەگیرێت. لەم پڕۆگرامەدا ئەو وانانەی، کە لە پۆلی سێی ناوەندیدا سەرکەوتنی تێدا بە دەست نەهێناوە، دەیخوێنێت. بۆ ساڵی خوێندنی داهاتوو، قوتابی دەتوانێت داوای پڕۆگرامێکی میللی بکات.

هەموو قوتابییەک، بێ جیاوازی لە بەش و لقی خوێندنی ئامادەییدا، لە ماوەی سێ ساڵی خوێندنەکەیدا، دەبێت ٢٥٠٠ خاڵ بخوێنێت. لەم سێ ساڵەدا هەموو قوتابییەک نزیکەی ٢٥ وانە دەخوێنێت. کاتێکیش کە داخوازیی زانکۆ و پەیمانگاکان دەکات بە ئەنجامی خوێندنی هەر سێ ساڵەکە داوا دەکات. واتە ئەنجامی ئەو سێ ساڵە بڕیار دەدات لە چ بەشێک لە زانکۆ یا پەیمانگایەک بخوێنێت. ئەزموونی بەکالوریا لە هیچ بەشێکی قوتابخانەدا نییە. بەڵکو تاقیکردنەوەی میللی لە چەند وانەیەکدا، تەنیا بۆ بەراوردکردنی ئاستی زانیاریی قوتابییان لەگەڵ قوتابخانەکانی تری وڵاتدا هەیە. بۆ مامۆستای ئەو وانەیەش تەنیا ڕێگانیشاندەرێکە نەک بڕیاردان بێت لەسەر دواڕۆژی قوتابی.

ئەنجامی هەموو وانەکانی ئاستی ئامادەیی، واتە پۆلی چوار و پێنج و شەش، ئەنجامی کۆتایی پێکدێنێت. قوتابی داوای بەشی تایبەتی و کۆرسی خوێندن لە زانکۆ و پەیمانگاکان، بەو ئەنجامە دەکات. هەربۆیە ئەزموونی بەکالۆریا پێویست نییە. بەڵام لەپێناوی بەراوردکردنی ئەنجامی قوتابخانەکان لە وڵاتدا، تاقیکردنەوەی میللی لە هەندێ وانەی سەرەکیدا هەیە. نموونەی ئەو وانانەی کە تاقیکردنەوەی میللی تێدا دەکرێت، ماتماتیک، زمانی سویدی و زمانی ئینگلیزییە.

ڕۆڵی تاقیکردنەوەی میللی لەم وانانەدا هەر هەمان ڕۆڵی ئەو تاقیکردنەوانەی هەیە کە قوتابییان لە ساڵەکەدا دەینووسن. ئەم ئەنجامە، کاتێک کە قوتابی نمرەی کۆتایی لەلایەن مامۆستای وانەکەوە بۆ دادەنرێت، هەر وەک یەکێک لە ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی دیکە سەیر دەکرێت، بۆ گەیشتن بە ئەنجامی کۆتایی.


تاقیکردنەوەی میللی، بۆ نموونە لە وانەی ماتماتیکدا، هەر لە سەرەتای ساڵدا هەموو قوتابخانەیەک زانیاری دەربارەی ڕۆژی نووسینی تاقیکردنەوەکە لەلایەن دەستگای خوێندنی دەوڵەتی سوید، پێ دەگات. پاشان بە چەند ڕۆژێک پێش نووسینی تاقیکردنەوەکە، پرسیارەکان دەگەیەنرێنە قوتابخانەکان. هەر قوتابییەک لە قوتابخانەکەی خۆیدا، لەو ڕۆژەی کە دیاریکراوە، تاقیکردنەوەکە دەنووسێت. هەر مامۆستایەش وەڵامی تاقیکردنەوەی قوتابییانی خۆی ڕاست دەکاتەوە. نمرە لەسەر ئەم تاقیکردنەوەیە و نمرەی کۆتاییش هەر ئەو مامۆستایەی کە وانەکە دەڵێتەوە دایدەنێت، پاشان مامۆستا خۆی بڕیار دەدات کە تا چەند ئەنجامی ئەو تاقیکردنەوە میللییە کار بکاتە سەر سەرجەم ڕێژەی نمرەی کۆتایی. مامۆستا سەربەستییەکی تەواوی هەیە لە هەڵسەنگاندنی تاقیکردنەوەکەدا.

پرسیارەکانی تاقیکردنەوە میللییەکان لەلایەن گرووپێک لە مامۆستایانی پسپۆر و شارەزا لەو وانانە لە زانکۆکانەوە، بە سەرپەرشتیی دەستگای خوێندنی دەوڵەت، دەنووسرێن.

لە قۆناغی ئامادەییشدا قوتابییان، لە کۆتایی خوێندنی کۆرسەکاندا تاقیکردنەوەی میللی لە وانەکانی ماتماتیک و سویدی و ئینگلیزیدا دەنووسن.

نمرەی تاقیکردنەوەی میللی بڕیاری نمرەی کۆتایی ساڵی قوتابییان نادات، بەڵکو ئەنجامی ئەم تاقیکردنەوەیە هەروەک هەر یەکێک لە تاقیکردنەوە ئاساییەکانی دیکە کە قوتابییەکان لە ساڵی خوێندنیاندا نووسیویانە سەیر دەکرێت.

ئەو سیستەمەی کە تەنیا و تەنیا تاقیکردنەوە پێوەری توانا و ژیریی منداڵان و قوتابییان نیشا ندەدات، بەهرە و ئارەزووی داهێنەرانە لای منداڵان و هەرزەکاران دەمرێنێت. سیستەمی بەکالۆریا لە پۆلی شەشی سەرەتایدا، کاتێک تەمەنی منداڵان لە دوانزدە ساڵ تێپەڕ ناکات، خەونێکی ترسناکە و دنیای بێگەرد و ساکاری منداڵییان لێ دەکاتە مۆتەکەیەک و ڕێگایان پێ نادات هەنگاو بنێن. ئەنجامە نزمەکانی خوێندن لە کوردستان کاریگەرییەکی دەروونی هێندە خراپ دەکەنە سەر ئەم منداڵانە کە زۆر ئاساییە، زۆربەیان قوتابخانەکان



چەند خوێندکارێک لە خوێندنگەیەکی کوردستاندا